

# پیرۆزبایی مەکتەبی سەرۆک بۆ گۆڤاری گوڵان

**بە ناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

**بەڕێزان سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان**

**سڵاو و ڕێز..**

بە بۆنەی بیست و سێیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەین.

گوڵان وەک تەمەندرێژترین گۆڤاری سیاسی لە کوردستان، بۆتە ناوەندێکی گرینگی دیالۆگ و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی سیاسی و وەرگرتنی بۆچوونی کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسەتوانانی کوردستان و ناوچەکە و جیهان و کاری گرینگی بۆ پێکەوە بەستنی ڕۆشنبیرانی کوردستان و دەرەوە ئەنجام داوە و زمانی دیالۆگی بیروڕا جیاوازەکانی داهێنا و تا ئێستاش لەسەر ئەو ڕێگەیە بەردەوامە. هەروەها گوڵان بە چاپکردنی ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوەی سیاسی خزمەتێکی زۆری بە کتێبخانەی کوردی و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان کردووە.

هیوادارین ستافی ماندوویی نەناسی گوڵان هەر بەو ڕوحییەتە پێشمەرگانەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی بڕوابەخۆبوون و نیشتیمانپەروەری و خزمەتکردنی پرۆژەی نەتەوەیی بەردەوام بن.

بەو هیوایەی ساڵی نوێی تەمەنی گۆڤارەکەتان، ساڵی بەردەوامی و پێشکەوتنی زیاتر بێت. دەستخۆشیتان لێ دەکەین و ئومێدی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

**مەکتەبی سەرۆک**

**٢٠ـی٤ـی٢٠١٦**



## پەیامی فازڵ میرانی

### سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# گوڵان سەنگێکی تایبەتی هەیە و چۆتە قۆناخێکی نوێ و بۆتە سەرچاوەی زانیاریی باش و بڵاوکردنەوەی رای جیاواز

به بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٢ ساڵ به سەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵان . پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.

سەری رێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین، بەتایبەتی شەهیدانی رۆژنامەنووسی و هەروەها هەردوو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری گوڵان شەهید فرانسۆ هەریری و شەهید شەوکەوت شێخ یەزدین.

هیوادارم گوڵان چۆن بە درێژایی مێژووی خۆی رۆڵی لە کاروانی رۆژنامەنووسی ئازادی کوریدا دیار و بەرچاو بووە، لە دەسپێکی ساڵی نوێی تەمەنیدا سەرەڕای ئەم قەیرانە ئابوورییە، خەمخۆری تەواوکردنی پەیامە پیرۆزەکەی بێت.

گوڵان گەشەکردنێکی دیاری بە خۆیەوە بینیوە و سەنگێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا کردووە و چۆتە قۆناخێکی نوێوە و بۆتە سەرچاوەیەکی باش بۆ زانیاری و بڵاوکردنەوەی رای جیاواز و بەرز راگرتنی پرانسیپ و ئەخلاقی رۆژنامەنووسی و هەروەها کەسانی بەئەزموون و بیانی بۆی دەنووسن و دەوڵەمەندە بە لێکۆڵینەوە و دیمانە و راپۆرتی شیکاری.

هیوادارم هەر بەو شێوەیە گوڵان لە پێشکەوتن و خزمەتی پرۆژەی نەتەوەیی بەردەوام بێت .

لەکۆتاییدا دەستخۆشی لە سەرنووسەر و ستافی گوڵان دەکەم و هیوای سەلامەتی و ژیانێکی بەختەوەریان بۆ دەخوازم.

براتان

فازڵ میرانی



# پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان به بۆنەی (٢٣) یەمین ساڵیادی گۆڤاری(گوڵان)

### هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان

### هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)

بە بۆنەی (٢٣)یەمین ساڵوەگەڕیی گۆڤاری گوڵان، پیرۆزباییەکی گەرمتان لێدەکەین، پیرۆزبایی لە نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارە ئازیزەکەتان دەکەین و، دەستی هەوڵ و کۆششتان بۆ بەردەوامی و پێشخستنی گۆڤارەکە و ڕۆژنامەگەریی کوردی دەگوشین.

ئاشکرا و ڕوونە جێپەنجەی گۆڤاری (گوڵان) بە سەر کاروانی ڕۆژنامەوانیماندا چەندە گرنگ و کاریگەرە و بەمەش توانیویەتی لە درێژایی تەمەنیدا کەلتووری ڕۆژنامەوانیی پاراوتر و دەوڵەمەندتر بکات، هەر بۆیەش تا ئەمڕۆ لەو بەخشش و داهێنانەی بەردەوامە و پێگەی شایستە و نەگۆڕی خۆی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پتەوتر کردووە.

گۆڤاری (گوڵان) لەو کاروانە دوور و درێژەی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا خاوەن ئەزموونێکی دیار و تازەیە و بەمەش سەلماندوویەتی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەو بوارەدا، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و زانستی و ئەکادیمییانەی ئەوتۆ، کە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری نووسەر و لێکۆڵەر و بیرمەندانی ناسراوی عەرەبی و جیهانی لەو گۆڤارە کۆبکاتەوە.

(گوڵان) بۆ برەودان بە بواری ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی پیشەوەرانە دەستی پێکرد، بە گیانی دیالۆگ و ڕەخنەگرانەوە بۆ خزمەتگەیاندن بە پرسە گرنگەکان، زەوینەیەکی ڕاست و دروستی بۆ ڕۆشنبیران و نووسەران ڕەخساند بە مەبەستی خستنەڕووی کەموکوڕییەکان و خزمەتکردنی لایەنە ئیجابییەکان و ڕەوشی سیاسی و پاراستنی دەستکەوتەکانمان.

هەڤاڵانی بەڕێز...

دەرچوونی (گوڵان) هەم بڕیار و هەنگاوێکی بوێرانە و هەمیش نموونەیەکی زیندووی کاری پڕۆفیشناڵییانە بوو لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە، هەروەها بەو سیستەم و کارنامە ڕێکوپێکەی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا و بەردەوامبوونی لە برەودان بە کەلتووری ڕۆشنبیریی و هزریدا هەر لە دەستپێکی کارکردنیەوە تاکو ئەمڕۆ خانەیەکی تایبەتمەندانەی لە کتێبخانەی کوردی بەگشتی و بواری ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی بۆخۆی گرتووە، لێشمان مسۆگەرە هەر بەردەوام دەبێت و لە ئایندەشدا هەنگاوی چاکتر و کاریگەرتر دەنێت.

بەو بۆنەیەوە وێڕای پاڵپشتی و پشتیوانی پارتیمان بۆ سەرخستن و زیاتر پێشخستنی گۆڤارەکە جەختیش لە سەر ئەوە دەکەینەوە کە کار و ئەرکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی زیاتر هەوڵ و کۆشش و قوربانیدانی دەوێ بۆ ئەوەی بە ڕاستی نموونەیەکی زیندوو و پێشەنگ بێ بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و گەلەکەمان و برەودان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە باڵاکان، بەتایبەتی لەو هەلومەرجە هەستیارەی ئەمڕۆماندا.

جارێکی دیکە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە ئێوە و خوێنەرانتان و خۆمان دەکەین.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠١٦/٤/٢١

### پەیامی د.جەعفەر ئیمنیکی
### جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئێستا گوڵان قوتابخانەیەکە بۆ تێگەیشتن لە فیکری سیاسی و سیاسەتی نیودەوڵەتی

ئەمڕۆ(٢٢) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گوڵان تێپەڕدەبێت. گۆڤاری گوڵان لە ماوەی ٢٢سالی تەمەنیدا خزمەتێکی گەورەی بە ڕۆشنبیریی گشتیی کوردستانی کردووە و لەم چەند ساڵەی دواییشدا کارێکی جوانی لە فیکری سیاسی و هۆشیاریی سیاسیدا کردووە کە دەکرێت بڵێین گۆڤاری گوڵان ئێستا قوتابخانەیەکە بۆ تێگەیشتن و هۆشیاری لە فیکری سیاسی وتێگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و خوێندنەوەی پرسە سیاسییە گرنگ و هەستیارەکان.

بەبۆنەی ساڵیادی گۆڤاری گوڵان پیرۆزبایی لە ڕۆژنامە گەریی کوردستانی دەکەین و دەستخۆشی لە کاک فەرهاد محەمەد و دەستەی نووسەرانی گوڵان و ستاف و هاوکارانی دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین بۆ خزمەتی زیاتری ڕۆژنامەنووسی کوردستانی وپرۆسەی سیاسی.

دکتۆر جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
٢٠١٦/٤/٢١



# پیرۆزبایینامەی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بە بۆنەی (٢٣) یەمین ساڵوەگەڕی گۆڤاری (گوڵان)**
**هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و تێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)**

بە بۆنەی (٢٣)یەمین ساڵوەگەڕی گۆڤاری گوڵان، پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە و خوێنەران دەکەین، سوپاس و دەستخۆشیمان بۆ هەوڵ و کۆششی بێ وچانتان لە پێناو پێشخستن و سەرکەوتنی گۆڤارەکەتان. (گوڵان) وەک هەنگاوێکی تازە و گرنگ لە کاروانی رۆژنامەوانیماندا توانی لە ماوەی کارکردنیدا بەپێی بەرنامەیەکی رێکوپێک و پیشەوەرانە خزمەتێکی زۆر و جیای بوارەکە بکات و جێگە و پێگەی شیاوی خۆی لە سەر پانتایی کاری رۆژنامەوانی دابگرێ.
ئەو خزمەتەی ئێوە لە رووی رۆژنامەوانییەوە بەردێکی دیکەی تەلاری ئەو ئەزموونەمانە و سەنگەرێکی دیکەی رەوا و داکۆکیکەرە لە کێشەکەمان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانمان نەخاسمە لەو هەلومەرجەی ئەمرۆماندا، کە پێویستە هەموو لایەک بەو پەڕی لێبووردەیی و دڵسۆزییەوە داکۆکی لێ بکات.
بەخشش و بەرهەمی چەندین ساڵەی گۆڤارەکەتان باشترین گەواهیدەری راست و دروستی پەیامی راستگۆیانەی ئێوەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوەیی و رۆشنبیریمان، بەمەش (گوڵان) بۆتە ناوێکی دیاروبەرچاوی نێو رەوتی رۆژنامەگەریی کوردی.
بەو بۆنەیەوە جارێکی دیکە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەردەوامبوون و بەرەوپێشبردنی گۆڤارەکەتان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین بە هەمان گیانی بەرپرسانە ودڵسۆزانەوە زیاتر برەو بە کار و چالاکی و پلانەکانتان بدەن لە داهاتوودا .

هەمدیسان دەستخۆشی و پیرۆزباییتان لێ دەکەین..

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٦/٤/٢١



# گوڵان-ی دڵان



پەیامی مامۆستا ئەحمەد سالار بۆ ساڵیادی گوڵان:

## ٢٢ساڵە گوڵانەکەمان خونچەی سەرتۆپی بەیانی باشیەتی

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٢ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا، بەڕێز مامۆستا ئەحمەد سالار هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان بەم پەخشانە بەپێزە هونەرییە ، پەیامی خۆی بۆ گوڵان ناردووەو ساڵیادەکەی پیرۆزکردووە، تەواوی ستافی گوڵان زۆر سوپاسی مامۆستای گەورە دەکەن، ئەمەش دەقی پەخشانە بەنرخەکەیە.

**ئەحمەد سالار**

گوڵان ئەی هەمیشە هەوارگە بەردڵانەکەی جێژوانی دلبەرو دلبراوان، ئەی ئەو مێرگوڵانەی لەهەر گوڵزارێ خەرمانێ لە گوڵانی دەماغ بۆژێنەرەوەی تێدایە، گوڵان ئەی دەستەملانێی گوڵانی گشت وەرزەکانی ساڵ، ئەوە گوڵە باخی پاییزەو، نێرگزو وەنەوشەو هەڵاڵەی بەهاران و مێخەك و دەستەخوشکانی زستانەو،هەتا چاو بڕکا بۆی هەزارو یەك تەلەبۆنی تیواوە لە سۆزو سروەی بەیانیان و دەم ئێوارەی هاوینانی دایە.

گوڵانەکەم، جاری جاران، باوباوان، پێشینان، دەیان فەرموو: ئێمەش هەروا بیستوومانە و هەر واش بووەو ئاکام راست دەرچووە، گوایە، گریمان، ئەو دەمانەی چەپکێ نێرگز و چەند تاڵی وەنەوشە لەناو گوڵدانی جوانیدا بگونجێنی، ئەوا هەر مورازێ لە سینەی خۆزگە بنێی، ئەوا ئۆخەی ئارامی و گوشاو ئاواتەکانت دێنێتەدی و بەرچاوانت بە پەلکەزێڕینەی نازدار ئاهەنگ بەند دەبێ، ئەی بۆ من چی دەڵێن؟ کە هەفتانە، ئەوە (١٠٧١) بە ژمارەی گوڵسەرانم بینی و چێژ لە گوڵانی، فەلسەفەو سیاسەت و کۆمەڵایەتی.... وەرگرت و بە زیادیشەوە، ئەدی چۆن چۆنی مورازی ساڵەهای ساڵی خۆم و قەومەکەم نایەتەدی، کە لەتەك گشت خونچە گەشانەوەیەکیدا، بە مۆرادنە شنەیەوە پەلی دڵمان دەگرێت بۆ سەر کانیاوە شەکراوەکەی خەون و خولیا هەمیشەییە هەرمانەکەمان، کە سبەینێی گوڵ گوڵیمانە، ئایندەی سەرلەنوێ لەدایکبوونمانە؟!

ئەوا بیست و دوو ساڵی رەبەقە و گوڵانەکەمان سات بە سات ئەو خونچە سەرتۆپی بەیانی باشیەتی، لەتەك هەر چاوهەڵهێنانی گوڵێك لەم گوڵانی ئێرەمەدا، بۆن و بەرامەیەکی گوڵاوپژێنێ کە پێشتر بۆن نەکراوە، رووخسارێکی ئەوتۆی نێرگزەجاڕ و لالەزارەکانی هەموو دنیا حەیرانی دەبێ...

هەر کاتێ ئەو وشەی (گوڵان)ـە دەنگەزەنگی لە هەستما دەزرنگێتەوە، زایەڵەیەکی هێند بزوێنەرو وروژێنەرو هەژێندەرە کە سەراپای هەستەکانم لە دووتۆی رۆخی رووباری سەربەرەو ژوورو سەربەرەوخواری تەمەن دا، هەمەجۆر لارولەنجەی (سیروان) ئاسا رەوت دەکات و شەپۆل سەردەخات، گوڵ ئەلبومی رۆژانمە، سەرەتا، سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوو بوو، ئەو کاتە ماڵمان لە شاری هەڵەبجە بوو، هەیوانی باڵەخانەکەمان بە رووی رۆژئاوادا دەیڕوانی، دەڵێن زەینی منداڵیی گەلێك روونە، هەر وەك یەکەم تاڵی گرنگی خۆری بەیانیانی نەوبەهارانە، هیچ گەردێکی تێدا بزر نابێ، لەو تەمەنەدا خووم بە سەیرکردنی ئەو شوێنەی رۆژئاواوە گرتبوو، کە پێیان دەگوت (گوڵان) نەك هەر وەرزی، بەڵکو هەر رۆژ، رەنگێکی دەنواند، جگە لەوەی بەیانیان بەرگێکی دەپۆشی و نیوەڕوان جۆرێکی دیکەو دەمەوزەردەپەڕ تارایەکی دڵفڕیی جوانترهەوری سەری بوو، بەهاران شکۆفەی سپی و پەمەیی... لەگەڵ هەر دوا باران بارینێکدا تاجی شاهانەی پەلکەزێڕینەی لەسەر سەر دەنا، سەر دیوار کەوتووی حەوشە و چاوەچاوی کەپرە مێوی ماڵی خوداپێداوان... کە بیانەوێ و نەیانەوێ هەمووان لێی دەڕوانن و چێژی لێ وەردەگرن.

گوڵ و گوڵبازی هێمای ئەڤینداری و ژیان پەروەرییە، ئەوەتا (گۆران)ی لوتکە لە شیعری ( گوڵی خوێناوی ) دا فەرموویەتی:

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم: زەردچەپکێ، ئاڵ چەپکێ**
**نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ**
**بتدایە دڵ بە من، بە هەموو مەعناوە**
**دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە**

گوڵ و گوڵان سوومبولی خەون و خۆزگەیە، هەر وا بووە و هەر واش دەبێ، پاشان هێشتا وەکو لە رۆژانی مێردمنداڵیمدا بووم، خولیای شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لە بیرو کەللەمدا تازە خەریکی پووش و پەڵاش دانانی هێلانە بوو، دەمبیست، کە (مەولەوی) پاشای شیعری کوردی لە سای بەکارهێنانی وشەی (گوڵ) دا چ گۆڕان و نوێکاری و وەرچەرخانێکی خولقاندووە، جاران شاعیران دەیانگوت: دەڵێی گوڵی.. یان تۆ گوڵی..

بەڵام ئەم فەرموویەتی:

**گوڵ وەك تۆیە..**
**گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**
**وەفراوان چون سەیلی دیدەی من جۆشان**

راستە (گوڵان) دووەم مانگی بەهارەو هەواری گوڵانە، هەروەها چوار گوندی نازداریش بە ناوی (گوڵان) لە کوردستان هەبوو لە کاتی خۆیدا وێران کراون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو(گوڵان) ە واتایەکی پیرۆزی شۆڕشگێڕی لە فەرهەنگی خەباتی کورددا هەیە، کە (گوڵان) شۆڕشی بڕوابەخۆبوون و بەردەوامی شۆڕشی مەزنی (ئەیلوول) ەو پەیوەستە بە رەگ و ریشەی شۆڕش و هەستانەوەی کورد.. پیرۆز بێ و هەزارو یەك جار یادی بەخێر..

دیارە هەر کاتێ بە کەناری باخ و گوڵزارێکدا گوزەربکەی لەتەك سڵەوات لێدان و تەحاتەحاکردندا، دەبێ رەحمەتبوویی لە گیانی باب و باوانی باخەوانانی گوڵانەکە بکەیت، لە سەرنووسەرەوە بۆ پاکی بەشداربووانی گۆڤاری (گوڵان)ی دڵان..

پیرۆزبێ جەژنی گوڵان، لەتەك جەژنی یادی (١١٨) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا.

■

**هەر کاتێ ئەو وشەی (گوڵان)ـە دەنگەزەنگی لە هەستما دەزرنگێتەوە، زایەڵەیەکی هێند بزوێنەرو وروژێنەرو هەژێندەرە کە سەراپای هەستەکانم لە دووتۆی رۆخی رووباری سەربەرەو ژوورو سەربەرەوخواری تەمەن دا، هەمەجۆر لارولەنجەی (سیروان) ئاسا رەوت دەکات و شەپۆل سەردەخات**

# با لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان یەکدەنگ و یەکڕیزبین



غەفوور مەخمووری*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتەواوی لە ڕەوشێکی زۆر هەستیار و ناسك و لەبەردەم هاتنە پێشی کۆمەڵێ ئەگەر و پێشهات و گۆڕانکاریی گرنگ و مەزندایە، ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراقیش زۆر گۆڕانکاری بەدوای خۆیاندا دێنن، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەینەوە و خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە دێنەپێشەوە، بۆ ئەمەش دەبێ کار بۆ یەکێتی و یەکڕیزی کوردان بکەین بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا کاریگەری خۆمان بسەلمێنین و لە داهاتووی نزیکدا بە مافە ڕەواکانمان بگەین، فاکتەری سەرەکیش بۆ گەیشتنمان بە ئامانجەکانمان یەکێتی و یەکڕیزیمانە.

بێگومان لێدوان و هەوڵەکانی بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان خوێندنەوەیەکی واقیعییانەیە بۆ ڕەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و خستنەڕووی چارەسەری گونجاوە بۆ پرسەکان، بەتایبەت پرسی ریفراندۆم بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم هەوڵانەی سەرۆك بارزانی لەم کاتەدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی ڕزگاری و ئازادی نەتەوە چەوساوەکانە لە ژێردەستی و دکتاتۆرییەت. لە سەدەی ڕابردوودا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەلی بۆ کۆمەڵێ نەتەوەی ژێردەست ڕەخساند کە ئازاد بن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و ببنە خودان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لەم سەدەیەشدا شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلانی چەوساوە دژی زوڵم و نایەکسانی و دکتاتۆرییەت بەردەوامە، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن دەتوانێت سوود لەم هەل و گۆڕانکارییانە وەربگرێت و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمییانە بەرەو ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو لایەکمان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان پشتیوانی لە هەڵوێست و کار و هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی بکەین، بۆ ئەمەش دەتوانین ئەزموونی باشووری کوردستان بکەینە خاڵی وەرچەرخان ڕووەو هێنانەدی خەونی نەتەوەییمان کە سەربەخۆیی کوردستانە. لەم پێناوەشدا پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەی کوردستان بکات، لە هەمان کاتدا مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات و بە ڕاوێژ لەگەڵ هەموو لایەك نەخشەڕێگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی دابڕێژێت بۆ دەربازکردنی ئەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازە، ئەمەش دەبێتە بناخەیەکی پتەو بۆ ئەو یەکڕیزییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ئێمە نیمانە و پێویستیمان پێیەتی. یەکڕیزی کورد بەهێزترین فاکتەری سەرکەوتنی کوردە، بەڵام ئێمە ئەو یەکڕیزییەمان نییە، ناوەندی سیاسی کوردستان پەرش و بڵاوە و پێویستی بە یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەیە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە چاوێکی یەکسان سەیری لایەنە سیاسییەکان بکات و هیچ لایەك پەراوێز نەخات.

هەروەها لە سەر لایەنە سیاسییەکان پێویستە لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست

بن، بەتایبەت لەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازەدا، دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعی خۆماندا بکەین و هەموو لایەکمان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی هەنگاوەکانی هێنانەدی ئامانجەکانمان و یەکدەستیش بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان، بۆ ئەمەش دەبێ لەم قۆناخەدا ناکۆکی و ململانێی حزبی بخرێتە لاوە و رەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت.

هەموومان دەزانین پێشڤەچوونەکانی باشووری کوردستان بوونە جێی سەرنجی هەموو لایەك، بۆیە ناحەزان کەوتنە دارشتنی جۆرەها پیلان بۆ بەرگرتن لە پێشڤەچوونەکان و ئەوەتا ئێستا کوردستان رووبەرووی شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆتەوە، لەلایەکی دیکە حکومەتی عێراق سیاسەتی (برسیکردن) بەرامبەر خەڵکی کوردستان پیادە دەکات، تێچوونەکانی شەڕ و نەناردنی بەشی کوردستان لە بودجەی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت، ئەمانە هەموو وایان کردووە کوردستان رووبەڕووی قەیرانی دارایی ببێتەوە، سەرەڕای ئەمانە کۆمەڵێ هەرەشەی دیکەش لەسەر باشووری وڵاتدا هەن، کە پێویستە هەموولایەکمان رووبەڕوویان ببینەوە، بۆیە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان زیاتر لە یەکدی نزیك ببینەوە، بەتایبەت لەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازەدا، دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعی خۆماندا بکەین و هەموو لایەکمان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی هەنگاوەکانی هێنانەدی سەربەخۆیی کوردستان و یەکدەستیش بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان.

لەم کاتەدا بۆ پاراستن و پێشڤەبردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان بوونی بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی وەکو پێویستییەك دەبینم بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی کوردستان، لەبەرئەوەی کوردستان پێویستیی بە کەسایەتییەکی وەك سەرۆك مسعود بارزانی هەیە، لەوانەیە کاك مسعود بە شەخسی خۆی پێویستی بە پۆستی سەرۆکایەتی نەبێ، بەڵام لەم قۆناغەدا سەرۆکایەتی کوردستان و میللەتەکە پێویستییان بە کاك مسعود هەیە، بۆیە پێویستە کۆدەنگییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر کەسایەتییەکی وەکو کاك مسعود کۆك بین، لەبەرئەوەی تا ئێستا بەڕێزیان لە رووی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییەوە توانیوێتی قورسایی کوردستان لە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و نێودەوڵەتی وەدیاربخات. بۆیە دەکرێ ئێمە هاوکار و پشتیوانی بەڕێزیان بین، بۆ ئەوەی ببین بە ژمارەیەکی بەهێزتر لەوەی کە ئێستاکە هەیە.

لای هەموو لایەکمان روونە کەوا پرسی سەربەخۆیی کوردستان قۆناغێك چۆتە پێشەوە، لەبەرئەوەی ئێمە پێشتر کێشەی دیاریکردنی سنووری کوردستان، واتە خاکمان هەبوو، بەڵام ئێمە لەشەڕی داعشدا توانیمان بەخوێن ئەو سنوورە بکێشین، ئێستا پێشمەرگە لە کەرکوك و زوممار و شنگاڵ و قەراج و مەخموور و جەلەولا و گەرمیانە، واتە هەموو ئەو سنوور و شوێنانەی لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠دان ئێستا بەدەستی پێشمەرگەوەیە، راستە شەڕی داعش بۆ ئێمە زۆر ناخۆش و سەختە، شەهید و بریندراری زۆرمان داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قازانجی ئەوەمان لێکردووە کە هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ەوە ئێستا بەدەستی هێزی پێشمەرگەوەیە، هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ئێستا مامەڵەیەکی جیاوازتر لەگەڵ کورد و پرسی کورد دەکرێت، لە رووی هێزەوە ئێستا وەك هێزێکی نێودەوڵەتی سەیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت، هەروەها لەرووی پڕ چەك کردنەوە، زۆر وڵات هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە و دەیکات، ئێستا باشووری کوردستان بەشێکە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی تیرۆر وشەڕی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، ئەمانە دەستکەوتی سیاسی و دیپلۆماسی کوردن لەو شەڕەدا، بۆیە بڕوام وایە کە پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەرێگەی شەڕی داعشەوە بەرەو پێشچووەو بەرەو دواوە نەگەڕاوەتەوە، لەمەشیاندا سەرۆك بارزانی رۆڵی کاریگەرانەی خۆی بینیوە، چ وەك سەرۆك و چ وەکو پێشمەرگەیەك.

لەسەر ئێمەی کورد پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان بە بیر و ستراتیژێکی نەتەوەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارودۆخە هەستیارە بکەین، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان بۆ کار و خەبات گۆڕاوە و زۆر لە جاران گونجاوتر و لەبارترە و زۆربەی وڵاتانی جیهان لە پرسی کورد گەیشتوون و بە دیدێکی دیکە پرسی کورد دەخوێننەوە و پرسی کورد وەك پرسێکی سیاسی دەبینن، بۆیە لەسەر ئێمەی کوردیش پێویستە بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەبەرچاو بگرین و وەکو کورد سوود لەو رەوشە وەربگرین، بۆ ئەوەی ئازاد و سەربەخۆ بین و بگەین بە خەونی نەتەوەیی خۆمان کە راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

---

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

**لێدوان و هەوڵەکانی بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان خوێندنەوەیەکی واقیعییانەیە بۆ رەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و خستنەڕووی چارەسەری گونجاوە بۆ پرسەکان، بەتایبەت پرسی ریفراندۆم بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم هەوڵانەی سەرۆک بارزانی لەم کاتەدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە**

**پرسی سەربەخۆیی کوردستان قۆناغێك چۆتە پێشەوە، لەبەرئەوەی ئێمە پێشتر کێشەی دیاریکردنی سنووری کوردستان، واتە خاکمان هەبوو، بەڵام ئێمە لەشەڕی داعشدا توانیمان بەخوێن ئەو سنوورە بکێشین، ئێستا پێشمەرگە لە کەرکوك و زوممار و شنگاڵ و قەراج و مەخموور و جەلەولا و گەرمیانە، واتە هەموو ئەو سنوور و شوێنانەی لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠دان ئێستا بەدەستی پێشمەرگەوەیە**



### فەریق جەمال محەمەد
### سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# هەتا سەرۆک بارزانی بڕیار نەدات، پێشمەرگە ناچێتە ناو شاری موسڵەوە



**پرسی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ و هەماهەنگیی نێوان سەرۆك بارزانی و هاوپەیمانان و هاوپەیمانی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە قۆڵی مەخموورەوە بوونەتە رۆژەڤی نێو میدیاکان و زۆر بە گەرمی باسی لێوە دەکرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لەسەر ئەم پرسە ئەوەیە ئایا ئەم پرۆسەیە کەی و چۆن دەست پێدەکات؟ ئایا ئەو هێزانە کامانەن کە بەشداری لەو پرۆسەیە دەکەن؟ ئایا ئەو مەرجانە چین کە لایەنی کوردستانی لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ هەیەتی؟ بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ئازادکردنی موسڵ و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سەردانی فەریق جەمال محەمەد سوپاسالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان کرد و لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.**

**جەنابی سەرۆک بارزانی پێش هەموو شت خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت و لە زۆربەی بەرەکانی شەڕ بەشداری کردووە، هەر بەرەیەکی شەڕیش کە جەنابی سەرۆک سەرپەرشتی کردبێت، ڕێژەی سەرکەوتنی ١٠٠٪ بووە، ئەمەشمان لە شەڕی ئازادکردنەوەی شنگال و زوممار و ڕەبیعە بینی**

**مەبەستم ئەوە نییە بە چاوی کەم سەیری سوپای عێراق بکەم، بەڵام بە چاوی خۆم بینیومە، ئەو دوو لیوایە دووجار زۆر هەوڵیاندا نەیانتوانی گوندی حەی نەسر ڕزگار بکەن، بەم هێزەی ئێستا هێناویانە کە ناتوانن گوندێک ئازاد بکەنەوە، چۆن شەڕی ئازادکردنەوەی شارێکی وەک موسڵیان پێدەکرێت؟**

**نابێت هەڵەی پێشەوە دووبارە بکەینەوە کە هەندێک لە فەرماندەکانی موسڵ لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی دانرابوون کە ئەمە بووە هۆکاری سەرەکیی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، هەروەها ناکرێت ئەوەی لە تکریت و دیالە لەسەر دەستی حەشدی شەعبی ڕوویدا لە موسڵیش دووبارە بێتەوە، ئەمەش واتە دەبێتە شەڕێکی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە، بۆیە ئەمە پێویستی بە مامەڵەیەکی ورد هەیە و دەبێت خەڵکی موسڵ بڕیار بدەن چ هێزێک بەشداری بکات، یان بەشداری نەکات**

*** ئێستا ئامادەباشییەکی زۆر هەیە بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، دیارە هەمانگییەکی زۆریش لە نێوان سەرۆک بارزانی وەك فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا هەیە، هەروەها هەماهەنگییەکیش لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق هەیە. ئایا تاچەند ئازادکردنەوەی موسڵ گرنگە و تاچەند بە ئازادکردنی موسڵ دوایین پێگەی داعش لە عێراقدا کۆتایی دێت؟**

- دیارە مەسەلەی هەماهەنگی لە نێوان سەرۆك بارزانی وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە هەتا ئێستاش ئەو هەماهەنگییە بەردەوامە، هەربۆیە بەردەوامیش بەرپرسان و وەزیرانی بەرگری و ژەنراڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان سەردانی بەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان کردووە، هەتا ئێستاش هەماهەنگییەکی باشیان لەگەڵ هەموو میحوەرەکانی پێشمەرگە هەیە، سەبارەت بە پرۆسەی ئازادکردنی شاری موسڵیش، دیارە ئێستا ئەم بابەتە زۆر بە فراوانی لە میدیاکاندا باسی لێوە دەکرێت، ئامادەباشی بۆ ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە و لە ڕێگەی هاوپەیمانانەوە هەماهەنگی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دروستکراوە، بۆ ئەمەش سەربازگەیەك بۆ ئامادەباشی (معسکر تحشد) لە ناوچەی مەخموور دروستکراوە کە هەردوو لیوای ١٥ و ١٦ی سوپای عێراقی لێ جێگیرکراوە، بڕیارە لەوێوە دەست بە پرۆسەی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ بکرێت. ئەم پرۆسەیەش قۆناخ بە قۆناخ دەبێت، بەڵام هەتا ئێستا وردەکاری ئەم پلانە بە تەواوەتی نەگەیشتۆتە دەستی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر وردەکاری ئەم پلانەش گەیشت ئەوکاتە وەك دەڵێن بۆ هەموو ڕووداوێك قسەی خۆمان دەبێت.

*** ئەی سەبارەت بە بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ چوونە ناو شاری موسڵ، ئایا پێشمەرگە دەچێتە ناو شاری موسڵ بۆ ئازادکردنەوەی تەواوی شارەکە؟**

- مەسەلەی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شاری موسڵ، ئەوە پەیوەستە بە بڕیاری سەرۆك بارزانی-یەوە، هەر بۆیە جارێ نازانرێت سەرۆك بارزانی ئەو بڕیارە دەدات، یان نە، بەڵام سەبارەت بە دەوروبەری شاری موسڵ، بۆ نموونە وەك دەوروبەری قەرەقوش، ناوچەکانی بەڕتەڵە، بەعشیقە، شەلالات هەتاکو تەلکێف، دیارە ئەم ناوچانە هەتا بەرواری ٢ی ئابی ٢٠١٤ کە تیرۆریستانی داعش هێرشیان بۆکردووە، لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوون، بۆیە ئەگەر پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دەستی پێکرد، ئەوا دەبێت پێشمەرگە ئەو ناوچانە رزگار بکاتەوە و پێشڕەوی بکات و بچێتەوە ناوچەکانی خۆی، دیارە ئەم ناوچانە زۆر نزیکن لە ناو شاری موسڵەوە، بەڵام لە باشووری موسڵەوە هێزەکانی عێراق زۆر دوورن لە موسڵەوە، بۆ نموونە نێوانی بێجی تا موسڵ ١٢٠ کیلۆمەترە، هەروەها ناوچەکانی حەویجە و فەتحە کە زۆر هەستیارن، هەتا ئێستا ئەم ناوچە فراوانە بە دەست تیرۆریستانی داعشەوەیە، ئەم ناوچانەش کاریگەری تەواویان لەسەر پرۆسەکە دەبێت، بۆیە دەبێت لە باشوورەوە ئەو ناوچانە هەموویان ئازادبکرێنەوە، هەتا دەگەنە ناوچەی حەمام عەلیل و نزیکی موسڵ لە باشوورەوە، پێشمەرگەش لە باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتەوە دەوری موسڵی داوە و ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵکردووە، هەتا ئێستاش هەر ماوە ماوە بەردەوامە لە ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش ماون.

*** دیارە پرۆسەی ئازادکردنەوەی شنگال لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە و بە هاریکاری هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، گرنگییەکی گەورەی هەبوو بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، ئایا تاچەند ئازادکردنەوەی شنگال، توانای داعشی سنووردار کردووە؟**

- بە ئازادکردنەوەی شنگال لەسەر دەستی پێشمەرگە و بەهاوکاری هاوپەیمانان، شەڕی دژی داعش چووە قۆناخێکی دیکە و ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان دروستکرد، ئازادکردنەوەی شنگال گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگە ستراتیژیەی داعشی لە دیوی عێراق لە موسڵەوە بە داعشی لە دیوی سووریا بە ڕەقەوە گرێدەدایەوە، پێشمەرگە ئازادی کرد، بە ئازادکردنەوەی ئەم ڕێگەیەش پێوەندی داعشی دیوی عێراق بە داعشی دیوی سووریاوە قورس بووە، بەڵام دیارە ئەو ناوچەیە دەشتاییەکی فراوانە و تیرۆریستان دەتوانن ڕێگەی دیکە پەیدا بکەن، بەڵام هاتوچۆی نێوانیان قورس بووە، بۆیە ئازادکردنەوەی شنگال بایەخێکی زۆر گرنگی هەبوو بۆ سنووردارکردنی تواناکانی داعش لەم شەڕەدا. هەر بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی لەم شەڕەدا بۆ جیهانی سەلماند کە پێشمەرگە تەنیا هێزە لەسەر زەوی کە دەتوانێت ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بە تاڵ بکاتەوە، بۆیە ئێستا هاوپەیمانیش گەیشتوونە ئەو قەناعەتە کە هەر بەرەیەك پێشمەرگە بەشداری تێدا بکات و سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بکات، سەرکەوتنی مسۆگەرە. من دڵنیام لە پرۆسەکانی داهاتووشدا تەنانەت ئەگەر پرۆسەی ئازادکردنی موسڵیش دەست پێبکات

لە هەر قۆڵێکەوە پێشمەرگە هێرش بکات، جەنابی سەرۆک بارزانی راستەوخۆ لەسەر خەت دەبێت و لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا شەڕەکە بەڕێوەدەچێت.

*** ئەگەر باس لە پارێزگای نەینەوا بکەین، دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەر چواردەوری موسڵ بوونی هەیە کە لە هەندێك شوێن چەند کیلۆمەترێك لەناو شاری موسڵ دوورە، ئایا تاچەند پێشمەرگە رۆڵی دەبێت لە ئازادکردنەوەی موسڵ؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هەتا ئێستا ئەو بڕیارە نەدراوە کە هێزی پێشمەرگە بەشداری لە شەڕی ناو موسڵ دەکات، یان نە، بەڵام ئەو ناوچانەی ئاماژەم پێکردن وەك بەعشیقە و شەلالات و بەرتەڵە و گوگجلی، زۆر لە موسڵەوە نزیکن، تەنانەت ناوچەی گوگجلی ئێستا بۆتە یەکێك لە گەڕەکانی شاری موسڵ، بۆیە پێشمەرگە دەبێت بۆ ئەم ناوچانە پێشڕەوی بکات و ئازادیان بکاتەوە، بەڵام بۆ چوونە ناو موسڵ ئەوە سەرۆك بارزانی بڕیاری لەسەر دەدات، یان ئایا هێزەکانی هاوپەیمانان داوا لە سەرۆك بارزانی دەکەن پێشمەرگە بەشداری بکات؟ هەتا ئێستا ئەم وردەکارییە دیار نییە و نەگەیشتۆتە وەزارەتی پێشمەرگە.

*** لەم ماوەیەدا فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا و هەروەها وەزیری بەرگری فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستان و بەرەکانی شەڕی دژی داعشیان کرد، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە وڵاتانی هاوپەیمان بەنیازن هاوکارییەکی زۆر باشی پێشمەرگە بکەن، ئایا ئێوە بەئومێدن چۆن هاوکاری پێشمەرگە بکرێت؟**

- دەوڵەتانی هاوپەیمان بە بەردەوامی نوێنەرەکانیان لە کوردستان و هەردوو هەفتە جارێك لە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵیان کۆدەبینەوە، دیارە داوای هەمیشەیی ئێمە بۆ ئەوان ئەوەیە هاوکاری پێویستی هێزی پێشمەرگە لە چەکی پێشکەوتوو، تەقەمەنی هەمەجۆر، پێداویستییەکانی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی، ئەندازەی سەربازیمان بکەن، دیارە نوێنەرەکانیشیان خۆیان لە نزیکەوە دەزانن پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە چین و خۆیان رۆژانە لە بەرەکانی شەڕن، بۆیە ئەوەی بە پێویستی بزانن مەرجەعەکانی خۆیانیانی لێ ئاگادار دەکەنەوە، بەم دواییەش فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا ژەنراڵ گۆستن و ژەنراڵ رۆئیل هاتن و سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئامانج لە سەردانەکەیان بۆ ئەوە بوو، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا تازە ئەو پۆستەی وەرگرتبوو، بۆ ئەوە هاتبوو دەستخۆشی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە جەنابی سەرۆك بارزانی بکات و هەروەها ئەو هاریکاری و هەماهەنگییەی پێشتر لەگەڵ فەرماندەی پێشوو هەبووە، لەگەڵ ئەمیشدا بەردەوام بێت. لەم سەردانەیدا ئەوەی راگەیاند کە ئەمەریکا ئەو بەڵێنەی دابیووی کە هاوکاری دارایی پێشمەرگە بکات، ئەو بەڵێنە جێبەجێ دەکرێت و بە جەنابی سەرۆکی راگەیاندبوو ئەو کاتەی وەزیری بەرگری ئەمەریکا سەردانی عێراق دەکات، خۆی بە شەخسی سەرۆك بارزانی ئاگادار دەکاتەوە، هەروەك بینیتان وەزیری بەرگری ئەمەریکا هاتە عێراق و بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆك بارزانی قسەی کرد و دووپاتی کردەوە کە هاوکاری دارایی پێشمەرگە دەکەن و بڕی هاوکارییەکەش ٤١٥ ملیۆن دۆلارە، بەڵام هێشتا ئەوە دیاری نەکراوە ئەم بڕە پارەیە بە چ میکانیزمێك بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت. بۆ ئەمە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شێوازی خەرجکردنی ئەو پارەیە لە رێگەی دامەزراندنی لیژنەیەکەوە هەماهەنگی دروست بکات.

*** تیمی گوڵان لە میانەی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕدا، زۆر جار لە فەرماندە سەربازییەکان ئەوەمان گوێ لێ بووە، چەند پێشمەرگە ناوچەی دیکە ئازاد بکاتەوە، ئەوە بەرەی شەڕەکەی فراوانتر دەبێت و پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان قورستر دەبێت، بێگومان لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵیشدا، بەرەی پێشمەرگە فراوانتر دەبێت، ئایا پرسی پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکانتان لەبەر چاو گرتووە؟**

- سوپاس بۆ خوا و بۆ ئیرادەی پۆڵایینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەتا ئێستا ئەو ناوچانەی ئازادمان کردوون، هەموویان پارێزراون، ئیرادە و توانای ئێستای هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سەرەتای شەڕەکە جیاوازییەکی زۆری هەیە، لە سەرەتای شەڕەکە پێشمەرگە رانەهاتبوو لە بەرەیەکی فراوانی دەشتاییدا شەڕێکی وا گەورە بکات، بەڵام لە میانەی ئەم شەڕە توانای پێشمەرگە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و فێری تاکتیکی شەڕی دەشتایی و تاکتیکی لێدانی تیرۆریستان بووە و هەروەها دەزانێت بەرنامە دابنێت چۆن تاکتیکی تیرۆریستان پووچەڵ بکاتەوە، هەروەها پێشمەرگە فێری شەڕی ناوشار و پاککردنەوەی تیرۆریستان بووە لە گوند و ناحیە و شارەکانیش. دوای ئەوەی چەکی دژەتانکیش گەیشتە دەستی پێشمەرگە، وەك چەکی میلان، بی ئێس، قازیفەی ١٨ ملم، ئەمانە رۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لە تێکشکاندنی ئۆتۆمبێل و تانك و زرێپۆشە خۆکوژییەکانی داعش، لەمەش زیاتر ئێستا پێشمەرگە هەر ناوچەیەك ئازاد دەکات سەنگەری پتەو هەروەها خەندەق لێدەدات بۆ ئەوەی رێگە لە تانك و زرێپۆشە بۆمبڕێژکراوەکانی

**وەزیری بەرگری ئەمەریکا هاتە عێراق و بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆک بارزانی قسەی کرد و دووپاتی کردەوە کە هاوکاری دارایی پێشمەرگە دەکەن و بڕی هاوکارییەکەش ٤١٥ ملیۆن دۆلارە، بەڵام هێشتا ئەوە دیاری نەکراوە ئەم بڕە پارەیە بە چ میکانیزمێک بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت. بۆ ئەمە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شێوازی خەرجکردنی ئەو پارەیە لە رێگەی دامەزراندنی لیژنەیەکەوە هەماهەنگی دروست بکات**

**پێشمەرگە هەر ناوچەیەک ئازاد دەکات سەنگەری پتەو هەروەها خەندەق لێدەدات بۆ ئەوەی رێگە لە تانک و زرێپۆشە بۆمبڕێژکراوەکانی داعش بگرێت، بۆیە دەتوانم بڵێم هەر ناوچەیەک پێشمەرگە ئازادی بکات، توانای پاراستنیشی هەیە**

**لە سەرەتای شەڕەکە پێشمەرگە رانەهاتبوو لە بەرەیەکی فراوانی دەشتاییدا شەڕێکی وا گەورە بکات، بەڵام لە میانەی ئەم شەڕە توانای پێشمەرگە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و فێری تاکتیکی شەڕی دەشتایی و تاکتیکی لێدانی تیرۆریستان بووە و هەروەها دەزانێت بەرنامە دابنێت چۆن تاکتیکی تیرۆریستان پووچەڵ بکاتەوە**

**مەسەلەی هەماهەنگی لە نێوان سەرۆک بارزانی وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە هەتا ئێستاش ئەو هەماهەنگییە بەردەوامە، هەربۆیە بەردەوامیش بەرپرسان و وەزیرانی بەرگری و ژەنراڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان سەردانی بەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان کردووە، هەتا ئێستاش هەماهەنگییەکی باشیان لەگەڵ هەموو میحوەرەکانی پێشمەرگە هەیە**

**بە ئازادکردنەوەی شنگال لەسەر دەستی پێشمەرگە و بەهاوکاری هاوپەیمانان، شەڕی دژی داعش چووە قۆناخێکی دیکە و ئەمەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان دروستکرد**

**پێشمەرگە لە باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە دەوری موسڵی داوە و ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵکردووە، هەتا ئێستاش هەر ماوە ماوە بەردەوامە لە ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش ماون**

داعش بگرێت، بۆیە دەتوانم بڵێم هەر ناوچەیەك پێشمەرگە ئازادی بکات، توانای پاراستنیشی هەیە.

*** بەڵام زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە تیرۆریستانی داعش پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەبەن، ئایا ئەم چەکەیان لەچەند شوێن بەکار هێناوە؟**

- داعش دوای ئەوەی تاکتیکی ئۆتۆمبێلە زرێپۆشە بۆمبڕێژکراوەکانیان پووچەڵ کرایەوە، پەنایان بۆ کەسە خۆکوژەکان برد، بەڵام ئەوەشیان بۆ نەچووەسەر بۆیە پەنایان برد بۆ هاوەن و ئەو ڕۆکێتانەی کە زیاتر دەستکردی خۆیانن، هەروەها پەنایان بۆ چەکی کیمیایی برد، ئەو یش لە ڕێگەی بەرکارهێنانی کلۆر و گازی خەردەل، ئەم چەکەیان لە شوێنێکی وەك شنگال و مەخموور تاقیکردۆتەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا تائێستا هیچ پێشمەرگەیەك بە کیمیایی شەهید نەبووە، بەڵام حاڵەتی چاوسووربوونەوە و جەستە سووربوونەوە و ڕشانەوە هەبووە، بۆیە ئێستا بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ هەندێك دەمامکی گازمان ناردووە، بەڵام ئەوانیش کەمن و تەنیا ٨٠٠٠ دەمامکمان هەبووە، ئەمەش بەشی بەرەیەکی فراوانی شەڕ ناکات کە لە شنگالەوە تا جەلاولایە.

*** دیارە باس لەوە دەکرێت کە هێزی سوننە بە ناوی حەشدی وەتەنی و سوپای عێراق و پێشمەرگە بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنەوەکە دەکەن، بەڵام هەندێك دەڵێن بەشێك لە حەشدی شەعبی بە ناوی سوپای عێراق بەشداری دەکات، ئایا ئەمە چۆن دەبینن، ئایا ناترسن بەهۆی حەشدی شەعبییەوە حەساسییەت دروست بێت؟**

- ئەم پرسیارە لە لایەن کەناڵی جەزیرەشەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە سەرۆك بارزانی کرا. بۆیە ئەو هێزانەی لەم شەڕە بەشداری دەکەن، لەلایەن خەڵکی موسڵ و سەرۆك هۆزەکانی ئەو ناوچانەوە بڕیار دەدرێت چ هێزێك بەشداری دەکات، موسڵ شارێکی زۆر ئاڵۆزە و هەموو پێکهاتەکانی تێدایە، وەك عەرەبی سوننە و شیعە، تورکمانی شیعە و سوننە، کوردی موسڵمان و کوردی ئێزیدی و شەبەك و کریستیانەکانی تێدایە، بۆیە دەبێت لە پلانی ئازادکردنەوەی ئەو شارەدا هەموو وردەکارییەك ڕەچاو بکرێت و بە وردی مامەڵە لەسەر هەستیاریی ئەم شارە بکرێت. نابێت هەڵەی پێشەوە دووبارە بکەینەوە کە هەندێك لە فەرماندەکانی موسڵ لە سەر بنەمای مەزهەبگەرایی دانرابوون کە ئەمە بووە هۆکاری سەرەکیی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، هەروەها ناکرێت ئەوەی لە تکریت و دیالە لە سەر دەستی حەشدی شەعبی ڕوویدا لە موسڵیش دووبارە بێتەوە، ئەمەش واتە دەبێتە شەڕێکی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە، بۆیە ئەمە پێویستی بە مامەڵەیەکی ورد هەیە و دەبێت خەڵکی موسڵ بڕیار بدەن چ هێزێك بەشداری بکات، یان بەشداری نەکات.

*** ئەگەر سەرنج لە لێدوانی فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا بدەین، ئەوان ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندووە، سوپای عێراق لە ئێستادا ئەو ئامادەباشییەی بۆ دروست نەبۆتەوە کە بە تەنیا بتوانن موسڵ ئازاد بکەنەوە. وەك سوپاسالاری پێشمەرگە چۆن سوپای ئێستای عێراق دەبینن؟**

- سوپای عێراق زۆر هیلاکە و ماندووبوونێکی زۆر و بێ وەرەییەکی زۆری پێوە دیارە، زۆر زەحمەتە هێزێکی ئاوا هیلاك و لە دوای شکست لە شوێنکەوە بهێنیت و بیخەیتە ناو شەڕێکی ئاواوە، بۆیە سوپای ئێستای عێراق ئەو ئیرادەیەی کە پێشمەرگە هەیەتی، ئەوا هێشتا ئەو ئیرادەیەی بۆ دروست نەبۆتەوە، مەبەستم ئەوە نییە بە چاوی کەم سەیری سوپای عێراق بکەم، بەڵام ئەوە واقیعە و پێش دوو هەفتە ئەوەی من بە چاوی خۆم بینیومە، ئەوە بووە ئەو دوو لیوایە دووجار زۆر هەوڵیاندا نەیانتوانی گوندی حەی نەسر ڕزگار بکەن، دیارە بوونی هێزێکی لەم جۆرە کاریگەری نەرێنی تەواوی لە سەر پرۆسەکە دەبێت، دەبێتە هۆکاری چەکدارانی داعش وەرەیان بەرز ببێتەوە، بۆیە پێویستە هێزێکی باشتری زرێپۆش بهێنن بۆ ئەوەی هێزەکە بتوانێت باشتر پێشڕەوی بکات و ناوچەکان ئازادبکاتەوە، بەڵام بەم هێزەی ئێستا هێناویانە کە ناتوانن گوندێك ئازاد بکەنەوە، پرسیار ئەوەیە چۆن شەڕی ئازادکردنەوەی شارێکی وەك موسڵی پێدەکرێت؟ ئەگەر بیانەوێت لە ئازادکردنەوەی موسڵ سەرکەتوو بن، دەبێت نەك هەر هێزێکی باش، بەڵکو هێزێکی پشتگیری (اسناد)ی زۆر باشیش ئامادەبکەن، ئەگەر ئەم هێزە دەبێتە هۆکاری ئەوەی وەرەی هەموو هێزەکانی تریش نەمێنێت و تا دەگاتە ئەوەی ببێتە هۆکاری ئەوەی لەشکرەکە بشکێت پێش ئەوەی ئامانجی سەرەکییەکە دەستی پێکردبێت.

*** کورد ئەزموونی تاڵی لەگەڵ حکومەتەکانی بەغدا هەیە، بۆیە ئێستا باس لەوە دەکرێت سەرۆك بارزانی بە مەرج هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەکات بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، ئایا بەپێی ئاگاداری ئێوە مەرجەکانی سەرۆك بارزانی چین؟**

- دیارە موسڵ شارێکی ستراتیژییە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە هەتا موسڵ بەدەست چەکدارانی داعش، یان هەر هێزێکی دیکەی دوژمنی کوردستانەوە بێت، ئەوا بەردەوام هەڕەشە لەسەر کوردستان دروست دەکات بەتایبەتیش لەسەر هەردوو شاری هەولێر و دهۆك کە لە موسڵەوە نزیکن، هەروەها موسڵ شارێکی ستراتیژییە بۆ کورد لە بەر ئەوەی پێشتر ٣٠٪ی دانیشتووانی موسڵ کورد بوون، بەشێك لە گەڕەکەکانی ناو موسڵ



٩٠٪ی دانیشتووانەکەی کورد بوون، بۆیە لەم روانگەیەوە جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کات جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئایا دوای ئازادکردنەوەی موسڵ لەدەستی داعش بارودۆخەکە چۆن دەبێت؟ ئەمەش واتە ئایا دوای ئازادکردنەوەی، چۆن ئیدارەی ئەو شارە دەکرێت؟ ئەو ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا کە پێشتر لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق بوون و ئێستا پێشمەرگە ئازادی کردوون، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بە چ میکانیزمێك؟ ئەم مەرجانە زیاتر لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق قسەی لەسەر دەکرێت و دەبێت بە ئامادەبوونی ئەمەریکا و هەردوو حکومەت لە سەری رێکبکەون، بۆیە نابێت هەمان هەڵەی ٢٠٠٣ دووبارە بکەینەوە و بچینە ناو موسڵ و دوای هەفتەیەك بڵێن فەرموو بکشێنەوە ئەو ناوچانە عەرەبین و نابێت پێشمەرگەی تیدا بێت، ئەمەیە کە سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەکات و دەبێت پێشوەختە رێککەوتنی لەسەر بکرێت.

*** بەڵام ئەگەر دواتر حکومەتی عێراقی بەو رێککەوتنە پابەند نەبوو، ئایا سوپای عێراق مەترسی لەسەر کوردستان دروست ناکات؟**

- سەرکردایەتی کوردستان خۆی لەسەر خەتە و ئاگادارە، دەزانین لە دوای ٢٠٠٣ باردۆخەکە چۆن بووە و چۆن نەبووە، شارەزاییەکی باش بۆ هەموو لایەك دروست بووە، ئەوەی ئەو کات روویدا، ئەمجارە رووناداتەوە، لەم پرسەدا ئەمەریکا بە هەموو هێزی خۆی هاتۆتە ناوەوە، هەروەك دەبینین بڕیاری دا هەلیکۆپتەری ئەپاچیش لەم پرۆسەیەدا بەشداری پێبکات، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئامانجی ئەمەریکا ئەوەیە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، ئەو رێککەوتنەشی بە ئاگاداری ئەمەریکا دەکرێت، دەبێت ئەمەریکا گەرەنتی جێبەجێکردنی بکات دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئازادکردنەوی شاری موسڵ.

*** دیارە رۆڵ و گرنگیی بەشداری سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕ زۆر بە ئاشکرا دیارە، خۆت بەشداری هەموو شەڕەکانت کردووە بەگشتی و لە شەڕی ئازادکرنەوەی شنگالیش بوویت، ئایا سەرۆك بارزانی لەم پرۆسەیە بەشداری دەکات و سەکردایەتی شەڕەکە دەکات؟**

ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە جەنابی سەرۆك بارزانی پێش هەموو شت خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت و لە زۆربەی بەرەکانی شەڕ بەشداری کردووە، هەر بەرەیەکی شەڕیش کە جەنابی سەرۆك سەرپەرشتی کردبێت، رێژەی سەرکەوتنی ١٠٠٪ بووە، ئەمەشمان لە شەڕی ئازادکردنەوەی شنگال و زومار و رەبیعە بینی. بۆیە دڵنیام لەوەی لە هەر شوێنێکەوە پێشمەرگە هێرش بکات، جەنابی سەرۆك راستەوخۆ لەسەر خەت دەبێت و راستەوخۆش سەرپەرشتی دەکات، ئەمەش کلیلی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەیە.

**دەوربەری قەرەقوش، ناوچەکانی بەرتەڵە، بەعشیقە، شەلالات هەتاکو تلکێف، دیارە ئەم ناوچانە هەتا بەرواری ٢ی ئابی ٢٠١٤ کە تیرۆریستانی داعش هێرشیان بۆکردووە، لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوون، بۆیە ئەگەر پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دەستی پێکرد، ئەوا دەبێت پێشمەرگە ئەو ناوچانە رزگار بکاتەوە و پێشڕەوی بکات و بچێتەوە ناوچەکانی خۆی**

# نامەیەک وەک ئۆباڵی مێژوویی



عارف قوربانی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کەمترین بەریەککەوتنی سوپا، کەمترین شەڕوشۆڕ و کاولکاری ناوچەکەی ئێمەی گرتەوە، ئەو رووداو و داگیرکارییانەش کە لە ئەنجامی جەنگە جیهانییەکە رووی لەم ناوچەیە کرد، بە بەراورد بە زۆربەی ناوچە بەرکەوتووەکانی جەنگ کە بوون بە خۆڵەمیش، بۆ ناوچەکانی ئێمە زیانی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئەنجامی کۆتایی جەنگ زۆرترین گۆڕانکاری لە نەخشەی ئەم ناوچەیە دروستکرد.

ئێستا گەرچی وەك جەنگی سێیەمی جیهانی ناو بە بەری ئەم رووداوانەی ناوچەکەی ئێمە نەکراوە، بەڵام لە واقیعدا ئەوەی دەگوزەرێت، جەنگێکی جیهانییە، ململانێی زلهێزەکانی دنیایە لە گۆڕەپانی ئێمە، ئەنجامەکەشی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ئەم ناوچەیەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی زلهێزەکان و ئەو ئەمری واقیعەی رووداوەکان دەیسەپێنێت.

ئەوەی راستەوخۆش پێوەندی بە میللەتی ئێمەوە هەیە، لە ئێستایا جگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سێ پارچەکەی تری کوردستان لە لیواری تەقینەوە و لەناو بڵێسەی ئاگری رووداوەکاندایین. رۆژ لە دوای رۆژیش بەرەی ناکۆکی و ململانێکان فراوانتر دەبنەوە، هێزی زیاتر، توانای سەربازی زیاتر لە دەوری ناوچەکە کۆدەکرێتەوە. ئەوەی پەیوەستیشە بە هاوکێشە ناوخۆییەکانی ناوچەکەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئێمەی کورد مەحکوومین بە لایەن و تەرەفێکی گەورەی کێشەکان. لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا، کێشەی خاکمان هەیە، جگە لەم بەشەی بە عێراقی عەرەبییەوە لکێندراوە، لە پارچەکانی دیکە هێشتا داگیرکاری بەردەوامە و کورد وێڵی دوای رێگاکانی رزگارییە. سەرهەڵدانی «داعش» وەك بۆمبی تەوقیتکراو بۆ تەقاندنەوەی کێشەکان، راستەوخۆ بەرۆکی ئێمەی گرتووە، قەڵغانی پۆڵایینی پێشمەرگە لە رووبەڕووبونەوەی داعش، رۆڵ و پێگەی کوردی گۆڕی و ئێستا بەو هۆیەوە بەشێکی یەکلاکەرەوەین لە رووداوەکان و جیهانیش وەك سۆز و وێنا گشتییەکەی، پێچەوانەی رابردوو کە سوپاسگوزار بووین بە چاوی بەزەییش تێمان بڕوانن، ئەمڕۆ بە چاوێکی رێزلێگیراو کورد دەبینن. وەك پێویستییەك بۆ ئۆقرەیی ناوچەکە و لەمپەرێك بۆ ئاسایشی جیهان وێنای پێشمەرگە و شەڕڤانانی رۆژئاوا دەکەن.

بەدەر لە سەرچاوە سروشتییەکانی وەك نەوت و غاز، کە پێگەی کوردستانی پڕ بایەخ کردووە وەك پێویستییەکی مرۆیی جیهانی، شەڕی داعشیش خزمەتێکی گەورەی بە بەهێزتر کردنی ئەو پێگەیە کرد. ئێستا کورد وەك پێویستییەك بۆ ئاسایشی جیهانی دەبینرێت. واتا ئەگەر لە رابردوودا سەرکردە و رابەرەکانی کورد بەردەوام بە شوێن کەسانێکدا گەڕاون تا بە هۆیانەوە سەرنجی چاوێکی بەزەیی بخرێتە سەر کورد، ئەمڕۆ لە ستراتیژیەتی ناوچەکە و جیهان، کورد وەك نەتەوە و خاکەکەشی وەك پێویستی بۆ ئاسایش و سەقامگیری تەماشا دەکرێت. کە ئەمە دەستکەوتێکی ئێجگار گەورەیە، نەك لە مێژووی کورد، بگرە کەمجار هەل و دەرفەتی لەم جۆرە بۆ میللەتانی تریش ڕەخساوە.

بەڵام لەپاڵ ئەو هەلە رەخساو و دەرفەتە زێڕینانەی بۆ کورد هاتوونەتە پێش کە تەواوی چاودێرانی ناوچەکە باوەڕیان وایە لە ئایندەی ئەم رووداوانە و لەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی وەك لێکەوتەی رووداوەکان دروست دەبن، دەرفەتەکان بۆ کورد واڵا دەبن کە بتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و وەك دەوڵەتێکی خاوەن پێگەی بەهێز لە ناوچەکە خۆی بچەسپێنێت، مەترسیی ئەوەش دەخرێتە روو کە مەرجی سەرکەوتنی کورد بەستراوە بە ناوماڵی کورد خۆیەوە. واتا چەند دەرفەتەکان بۆی کراوەن تا بە ئامانجەکانی بگات، بەو ئەندازەیەش هەڕەشەو مەترسییەکان رووبەڕووی دەبێتەوە ئەگەر لە ناوەوە

خۆی ڕێك نەخات. ئەمەش بەرپرسیارێتییەكی گەورەیە لە ئەستۆی سەركردەكانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستان و بەتایبەتیش لە هەرێمی كوردستان، چونكە هەرێمی كوردستان بووەتە سەرمەشقی پارچەكانی تر و لێرەوە بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئایندەی ڕووداوەكانی ناوچەكەدا بڕیار لە ئاراستە و چارەنووسی پارچەكانی تری كوردستان ئەدرێت. بۆیە بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغەی هێز و سەركردە سیاسییەكان بە ئەندازەی ئەو رۆڵ و پێگەیەی ئێستا بۆ هەرێم دروست بووە، ئەركێكی قورس و پیرۆز و هەستیارە. دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەكان و بەتایبەتیش ئەوانەی رۆڵ و كاریگەرییان لەسەر ڕووداوەكان زیاترە، هەركەسە و بەگوێرەی پێگەی خۆی درك بەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە بكات و ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی كە هەڵوێست و بیركردنەوە و بڕیاری ئەو رۆڵی لە دیاریكردنی چارەنووسی ئەم میللەتەدا هەیە. پێویستە ئەوەش بزانن چەند مافی شانازی كردن و ئاسودەیی ویژدان و دەروونیی هەیە لە بەدیهاتنی ئامانجەكانی گەلی كورد، دەبێت ئەوەش ببینێت زۆر لەوەش زیاتر بەرپرسیارێتی لە دەستدانی هەر دەرفەتێك دەكەوێتە ئەستۆیان و سبەینێ ڕووبەڕووی حوكمی مێژوو دەبنەوە.

بێگومان حوكمی بە دەستنەهێنانی ئامانجێك زۆر بچووكترە لە لەدەستدانی دەرفەتی بە دەستهێنان. ئەمڕۆ نەوەكانمان ڕەخنە لە سلاحەدینی ئەیووبی دەگرن، لە كاتێكدا هەلومەرجی ئەوكات، شێوازی دەوڵەتداری و چەمك و پێناسەی وڵات بە پێوەری ئێستا زۆر جیاواز بوون، ڕەخنە لە میر و سەردارەكانی رابردوو دەگیرێت كە نەیانتوانیوە ئامانجی كورد بەدی بێنن، ئەگەر ئەم دەرفەتانەش لەدەستچن، سبەی ڕەخنە لەم سەركردانە دەگیرێت كە دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردیان لە دەست داوە. جیاوازیی ئەو دوو بەرپرسیارێتییە زۆر جیاوازن، بەرپرسیارێتییەك كە لەبەر زۆر واقیع و هەلومەرجی سەپێندراو، نەتوانراوە دەستكەوتێك بەدی بهێنرێت، لەگەڵ بەرپرسیارێتیەك كە كۆمەڵێك هەلومەرجی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، زەمینەی دروستكردنی دەوڵەتی بۆ كورد رەخساندبێت و لەدەست بدرێت.

ئەم بەرپرسیارێتیەی ئەمڕۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دووەمیانە، كورد نزیكە لە گەیشتن بە ئامانجەكانی و توانیویەتی لەمپەری زۆر گەورەی دەرەكی بشكێنێت، قۆناغە مەترسیدارەكانی هەموو بڕیوە، گەیشتۆتە دامێنی لوتكە، بەڵام كۆمەڵێك هۆكاری ناوخۆیی كە سەرچاوەكانیان لە گرێی دەروونی و عوقدەی مێژوویی و ئیرەییەوە گرتووە، خەریكە دەبێتە مەترسی بۆ گلۆربوونەوەی كورد. واتا لە دۆخێكداین مەترسییەكە هەر ئەوە نییە لەم قۆناغە رابوەستین تا ئومێدی ئەوەمان هەبێت لە هەل و دەرفەتی تردا ئەو قۆناغەش دەبڕین، لە بەردەم دوو ئەگەرداین یان سەركەوتن، یان گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ئەمەشە هەستیاری و جیاوازی دۆخەكە لە دەستنیشانكردنی بەرپرسیارێتییەكانمان.

پێویستە شان بە شانی ئەو هەوڵانەی تر كە بۆ گەیشتن بە قۆناغی دڵنیایی نراون و ئەنجامیشیان ئەو ئاماژانەیە كە جیهان چاوەڕوانی دەوڵەتی كوردستان دەكات، دەبێت سەركردەكانمان ئەوانەی رۆڵی سەرەكییان لە بەدەستهێنانی دەستكەوتەكان هەبووە، ئاوڕێك بۆ دواوە بدەنەوە و خواروخێچی كاروانەكە ڕێكخەنەوە كە مەحكومین بەوەی ئەگەر لە ریزی دوادواوەی كاروانەكەش تەمەڵییەك هەبێت، بەر بە هەنگاوەكانی پێشەوەی سەرقافڵەكە دەگرێت. بۆیە پێویستە ریزی ئەم كاروانە ڕێك بخرێتەوە و هەموو وزە و تین و تاوەكان بۆ تێكۆشان بێت لەپێناو سەربەخۆیی بۆ گەلی كوردستان.

ئەمەش بە پلەی یەكەم وەك بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی بەڕێزان بارزانی و نەوشیروان مستەفایە، بارزانی بە حوكمی پێگە سیاسییەكەی لە رابەرایەتیكردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش دەبێت ناوماڵی كوردی بۆ ئەو ئامانجە ڕێك بخات. نەوشیروان مستەفاش وەك سەركردەیەك رۆڵی گەورەی لە رابەرایەتیكردنی چەندین قۆناغی گرنگی مێژوویی شۆڕش و ئێستاش وەك لایەنێكی گەورەی كێشەكە دەتوانێت رۆڵی سەرەكی ببینێت لە ڕێكخستنەوەی ناوماڵی كورد. زۆرینەی خەڵكیش باوەڕیان وایە ئەوە تەنیا بە بارزانی و نەوشیروان مستەفا دەكرێت. ئەگەر تەماشایەكی رابردووە تاڵ و ناسۆرییەكانی ناوخۆیی كوردستان بكەین، زۆرجاری دی دۆخی ناوخۆ بە ئەندازەی لە ئێستا خراپتر تێكچووە و دواجار هەر بە موبادەرە و گەورەیی نواندن لە تەنازولكردن بۆ یەكتری، دڵنیایی دروست بووە. هەر كەسێكیش لەو قۆناغانە چەند تەنازولی كردبێت، ئەگەر بۆ سەردەم و رۆژگاری خۆیشی بە جۆرێك لە سازش و بچووكبوونەوە وێناكرابێت، بەڵام دەركەوت ئەوانە لە مێژوودا بە گەورەیی تۆمار دەكرێن و دەبنە دەستكەوت بۆ خودی كەسەكان و بۆ هێزە سیاسییەكانیانیش جێی شانازی دەبێت.

ئێستا كورد هەم لە بەردەم دەرفەت و هەم لە بەردەم مەترسیدایە، سەركەوتن و قۆستنەوەی دەرفەتەكان كورد دەگەیەنێتە ئامانجی لەمێژینەی لە چنینەوەی بەری رەنج و خەبات و قوربانییەكانی. لە دەستدانی دەرفەتەكانیش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر. ئۆباڵی مێژوویی هەر شكست و هەڕەشە و مەترسییەك لە ئەستۆی بەرپرسانی ئەم قۆناغەدایە و پەڕینەوەش لەم قۆناغە راگوزەرە، بەر لە هەر كەس شانازی و سەروەرییەكەی بۆ ئەوانە.

**لە جەنگی یەكەمی جیهانی، كەمترین بەریەككەوتنی سوپا، كەمترین شەڕوشۆڕ و كاولكاری ناوچەكەی ئێمەی گرتەوە، ئەو رووداو و داگیركارییانەش كە لە ئەنجامی جەنگە جیهانییەكە رووی لەم ناوچەیە كرد، بە بەراورد بە زۆربەی ناوچە بەركەوتووەكانی جەنگ كە بوون بە خۆڵەمیش، بۆ ناوچەكانی ئێمە زیانی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئەنجامی كۆتایی جەنگ زۆرترین گۆڕانكاری لە نەخشەی ئەم ناوچەیە دروستكرد**

**سەرهەڵدانی «داعش» وەك بۆمبی تەوقیتكراو بۆ تەقاندنەوەی كێشەكان، راستەوخۆ بەرۆكی ئێمەی گرتووە، قەڵغانی پۆڵایینی پێشمەرگە لە رووبەڕووبونەوەی داعش، رۆڵ و پێگەی كوردی گۆڕی و ئێستا بەو هۆیەوە بەشێكی یەكلاكەرەوەین لە رووداوەكان و جیهانیش وەك سۆز و وێنا گشتییەكەی، پێچەوانەی رابردوو كە سوپاسگوزار بووین بە چاوی بەزەییش تێمان بڕوانن، ئەمڕۆ بە چاوێكی ڕێزلێگیراو كورد دەبینن**





# ئەو عێراقەی
# ئۆباما لە بوش ی وەرگرت
# وەک لاشەی مردوویەکی کلینیکی
# تەسلیمی سەرۆکی داهاتووی دەکاتەوە

«زۆرجار وتراوە: (ئەمەریکا توانایەکی باشی هەیە بۆ بردنەوەی شەڕ و دۆڕاندنی ئاشتی.) بە دڵنیاییەوە ئەمە راست و دروستە سەبارەت بە عێراق. دوای ئەوەی ئەمەریکا توانی سەرکەوتووانە سەدام حوسێن بڕووخێنێت، بەڵام پلانی نەبوو بۆ بارودۆخی دوای شەڕەکە. بە هەمان شێوە، دوای ئەوەی موعەمەر قەزافی–شی رووخاند، پلانی نەبوو بۆ لیبیای دوای قەزافی. پێموایە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە عێراق و سووریا چیتر وەک رێکخراوێکی تیرۆریستیی بەهێز نامێنێتەوە، بەڵام ئەوەی لە داهاتوودا و دوای داعش رووبەڕووی دەبینەوە، کێشەیەکی گەورە دەبێت. بۆ ئەمیشیان گومانی تێدا نییە کە واشنتۆن پلانێکی کارای نییە. لەشەڕی دژی داعشدا پێشمەرگە فاکتەرێکی زۆر گرنگ بوو لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، هەروەها زۆرجار وتوومە کە کورد سیحری دەوڵەتی ئیسلامی داعش بەتاڵ دەکاتەوە. سەبارەت بە میلیشیای شیعەکانیش من لەو نیگەرانییە تێدەگەم، بەڵام بە راشکاوی دەیڵێم، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە تا ئێستا بە جڵەوکراوەی ماونەتەوە. ئومێدەکە ئەوەیە، شیعەکان بەردەوام بن لە جڵەوگیری خۆیان. سەبارەت بە دەوڵەتی کوردستانیش، من بە تەواوەتی پشتیوانی دەوڵەتی کوردستان دەکەم، مەبەستەکەش تەنیا ئەوە نییە بۆ ئەوەی هاوکاری ئاوارەکان بکەن. کورد شایستەیی خۆیان سەلماندووە بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەت. ئەوان هاوکار بوون لە پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا. ئەو دەوڵەتە کوردییەی دروست دەبێت، پێوەندی باشی دەبێت لەگەڵ ئیسرائیلدا. کە پێکەوە دەتوانن هاوکاربن لە هێنانەئارای هێوری و ئارامی بۆ ناوچەکە.»

- د.ماکس ئەبراهامز پسپۆڕ و تایبەتمەند
- لەسەر وەڵامدانەوەی تیرۆریستان لە زانکۆی نۆرس ئێسترن
- ئەم لێدوانەی تایبەت بە گوڵان داوە

**کاتێک پرسیار لە هەردوو باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق جێمس جیفری و رایان کرۆکەر کرا، سەبارەت بە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، زۆر راشکاوانە وەڵامیان دایەوە، مافی چارەنووس مافی هەموو گەلێکە و نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەربەخۆیی کوردستان چۆتە قۆناخێکی دیکە و ئێستا وەک پێویستییەک بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و جیهانیش سەیر دەکرێت**

### ● عێراق لە مردنی کلینیکییەوە بۆ مردنی بایۆلۆژی

تۆماس هۆبز لە کتێبی لیڤاسان-دا بەوجۆرە پێناسەی دەوڵەت دەکات کە مرۆڤ وەك دروستکراوی پەروەردگار لە دروستکردنی دەوڵەتدا هەوڵیداوە بە هەمان شێوەی پەروەردگار لەسەر شێوەی خودی مرۆڤ دەوڵەت وەك دروستکراوی دەستی خۆی دروست بکاتەوە، بەڵام مرۆڤ وەك دروستکراوی دەستی پەروەردگار کائینێکی بچکۆلەیە، بەڵام ئەو کائینەی کە دەوڵەتە و مرۆڤ خۆی دروستی کردووە، زۆر گەورەیە و هۆبز ئەو دروستکراوەی دەستی مرۆڤی ناولێناوە: لیڤاسان، واتە ئەژدیها، ئەم پێناسەی تۆماس هۆبز بەرەو ئەوەمان دەبات بپرسین: ئایا دەوڵەتیش وەك مرۆڤ لەدایکبوون و مردنی هەیە؟ فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی سیستمی سیاسی و لەبەر یەکهەڵوەشانی سیاسی، سێ خاڵی گرنگی بۆ مردنی دەوڵەت دیاریکردووە کە برتین لە: (١- دەوڵەت نەتوانێت خاکەکەی بپارێزێت، ٢- دامەزراوەکانی لەبەریەك هەڵوەشاوە بن، ٣- سەروەریی یاسا بوونی نەبێت.) لەسەر ئەم بنەمایە فۆکۆیاما دەڵێت: «هۆکاری ئەوەی رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش بتوانێت خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا رابگەیەنێت، ئەوە نییە کە داعش زۆر بەهێزە، بەڵکو مانای ئەوەیە عێراق و سووریا ناتوانن وەك دەوڵەت ئەدای خۆیان بکەن، لەمەش زیاتر کە رێکخراوە تیرۆریستەکان توانیویانە لە پاکستانەوە تا نەیجیریا هەژموونی خۆیان بسەپێنن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتانە بە ئاستێك لاواز بوون کە ناتوانن وەك دەوڵەتی هاوچەرخ ئەدای خۆیان بکەن.» کەواتە ئەو خاڵانەی فۆکۆیاما بۆ لەکارکەوتنی دەوڵەت ئاماژەی پێکردوون، لەگەڵ تیۆرەکەی تۆماس هۆبز بۆ دەوڵەت یەکدەگرێتەوە. هۆبز پادشای وەك سەری دەوڵەت وێنا کردووە کە دەبێت ئەو سەرە کە هەڵگری دەماخە، توانای ئەوەی هەبێت هاوسەنگیی هەموو ئەندامەکانی لەش رابگرێت، بۆیە کاتێك ئەو دەماخەی لەناو سەرە نەتوانێت ئەو هاوسەنگییە رابگرێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە بوونی



نابێت و هەر پارچەیەکی بەدەست مەزهەبێك یان لایەنێکی دیاریکراوەوە دەبێت و شەڕی ناوخۆیی و خوێن رشتن لە سەرتاسەری وڵات بەربڵاو دەبێت و کۆمەڵگە دەبێت بە پاشاگەردانی، لەسەر ئەم بنەمایە هۆبز بۆ دووبارە بونیادنەوەی دەوڵەت، داوای سەرێکی لە رادەبەر بەهێز دەکات بۆ ئەوەی ئەو دەماخەی لەناو ئەو سەرەیە بتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگە بکات و ئاژاوە و پاشاگەردانی بگۆڕێت بۆ سەقامگیری و نیزام .

لەبەر رۆشنایی ئەم تیۆرە سیاسییانە بۆ دەوڵەتی تەندروست، ئێستا عێراق هیچ کام لە ئەرکەکانی دەوڵەتی پێ جێبەجێ ناکرێت و ئەو سەرەی لە بەغدایە، دەماخی ناو سەرەکە راوەستاوە و ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك هاوسەنگیی جەستەی عێراق رابگرێت، راشکاوانەتر نە دەتوانێت خاکەکەی خۆی بپارێزێت، نە هیچ دامەزراوەیەکی ماوە کە بتوانێت وەك دامەزراوە کاری خۆی بکات، نە بە هیچ شێوەیەکیش سەروەریی یاسا و دەستوورەکەی بوونی ماوە، تا کاری پێبکرێت. کەواتە بە پێی هەموو پیناسەکان بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ، ئێستا دەوڵەتێك بوونی نەماوە، ناوی عێراق بێت.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ دیوێکی دیکەی بەراوردکاری لە نێوان حاڵەتی مردنی مرۆڤ و مردنی دەوڵەت و ئەو پرسیارە بکەین کە: ئایا مرۆڤیش کە (دەماخ و سووڕی خوێن و سییەکانی راوەستا) دەتوانین لە رووی زانستی پزیشکییەوە بڵێین ئەو کەسە مردووە و کۆتایی هاتووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا زانستی پزیشکی دەڵێت: ئەگەر بە شێوەیەکی کتوپڕ دەماخ و سووری خوێن و سییەکانی کەسێك رابوەستێت و دەستبەجێ پزیشکان فریای ئەوە بکەون بوژانەوەی دڵ و سییەکانی بۆ بکەن، ئەوا لەو حاڵەتە کەسەکە بە شێوەی مردنی کلینیکی دەهێڵدرێتەوە و ناهێڵن بگاتە حاڵەتی مردنی بایۆلۆژی، لەم حاڵەتی مردنی کلینیکی-یە (الموت السريري- Clinical death)، دەماخ بە هیچ جۆرێك کارناکات، لێدانی دڵ کەم دەبێتەوە، پلەی گەرمای جەستەی نەخۆش دادەبەزێت بۆ ١٨ پلەی سەدی و بە هیچ

**بەردەوامیی بارودۆخی عێراق بەمشێوەیە هەموو کات مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و ئەم پرسە پێویستی بە چارەسەرێکی ریشەیی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم بارودۆخەی عێراق و سووریا قاعیدەی گۆڕی بە داعش و داعشیش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند، بۆیە ئەگەر چارەسەری ریشەیی نەکرێت، ئەوا بێجگە لە داعشی سوننە، داعشی شیعەش دروست دەبێت**

**سەرۆک بارزانی هەر لە دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتنی هەولێر، د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی وەک نوێنەری خۆی بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێر ڕاسپاردبوو، چەند جارێک نوێنەری سەرۆک بارزانی زۆر بە توندی پەیامی سەرۆک بارزانی بە نوری مالیکی و هاوپەیمانی هێزە شیعیەکان ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەر جارەو بە بیانوویەک جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیان دوادەخست، بۆیە کارەکە گەیشتە ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لە شوێنی حەوانەوەی مام جەلال لە دوکان کۆببنەوە و لەوێ بڕیاریان دا کە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە متمانە لە نوری مالیکی بسەننەوە**

**ئەمەریکا ئەولەوییەتی بە عێراق داوە لەبەر ئەوەی بارودۆخی سووریا جیاوازترە لە عێراق و ئاشکرایە ئەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆی دەچێتەسەر، بەو ئاسانییە لە سووریا بۆی ناچێتە سەر، ئەمەش وایکردووە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک کە هەموو پسپۆڕان و باڵیۆزانی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق بەشداری تێدا دەکەن، بووبێتە ئەولەوییەتی ستراتیژ و سیاسەتی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق**

جۆرێك كەسەكە هۆشی نییە. لە مێژووی زانستی پزیشكیدا و پێش ئەوەی تەكنەلۆژیای پزیشكی بۆ بوژانەوەی دڵ و سییەكان دابهێندرێت، حاڵەتی مردنی كلینیكی ڕاگەیاندنی حاڵەتی مردنی تەواو بووە، بەڵام لە دوای دۆزینەوەی ئەم تەكنەلۆژیا پزیشییكە تازانەوە، مردنی مرۆڤ كراوە بە دوو قۆناخ، قۆناخی مردنی كلینیكی لەگەڵ قۆناخی مردنی بایۆلۆژی. لە نەخۆشانەكانی جیهاندا حاڵەتی مردنی كلینیكی بۆ چەند مەبەستێك پەنای بۆ دەبرێت، ئەمەش یان ئەوەیە ئەو كەسە سەرۆكی دەوڵەتە، یان كەسایەتییەكی گرنگە و بە ڕاگەیاندنی مردنی بایۆلۆژی كاریگەرییەكی گەورەی سیاسی دروست دەكات، یان زۆر جاران لە نەخۆشخانەكان وەك حاڵەتێك بۆ تاقیكردنەوەی پزیشكی پەنای بۆ دەبەن و پزیشكەكان توێژینەوەی لەسەر دەكەن، بەڵام ئەگەر بڵێن حاڵەتی مردنی كلینیكی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتێكی ئاسایی و مرۆڤەكە جارێكی دیكە زیندوو دەبێتەوە، ئەوا هەتا ئێستا زانستی پزیشكی لە ئاست ئەم گێڕانەوەیە دەستەوەستانە و حاڵەتەكە بەوجۆرەیە مردنی كلینیكی بەرەو مردنی بایۆلۆژی دەچێت، بەڵام كاتی ڕاگەیاندنی مردنەكە بە فەرمی دەكەوێتە سەر هێشتنەوەی ئامێرەكان لەسەر كەسە مردووە كلینیكییەكە و پاشانیش بڕیاری سیاسی، ئەگەر ئەو كەسە سەرۆك دەوڵەت بێت، یان كەسایەتییەكی سیاسیی گەورە، یان سەرمایەدارێكی گەورە بێت.

لێرەوە ئەگەر ئەم حاڵەتی مردنی كلینیكییەی مرۆڤ لەگەڵ حاڵەتی ئێستای دەوڵەتی عێراق بەراورد بكەین، دەبینین حاڵەتەكە تەواو هاوشێوەیە و عێراقیش بە تەواوەتی لە حاڵەتی مردنی كلینیكیدایە، ئەوجا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە ناو سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما-دا توخمێكی گرنگە بۆ خودی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەكەش، ئەوا هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لە حاڵەتی مردنی كلینیكیدا بیهێڵێتەوە و تا ئەو كاتەی ئیدارەی ئەمریكی بەجێدەهێڵێت، ئەم حاڵەتە درێژە پێبدات و پرسی ڕاگەیاندنی مردنی فەرمیی دەوڵەتی عێراق بخاتە سەر شانی سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا. دیارە ئەو ماوەیەش بریتی نابێت لە ٢٠ كانوونی دووەمی ٢٠١٧، بەڵكو هێشتنەوەی عێراق بەم حاڵەتەی لای ئیدارەی ئێستای ئەمەریكا تەنیا بۆ ئەوەیە هەتا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی یەكەم سێشەمەی مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو، عێراق تەنیا بەناو بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەوجا دوای ئەوە چی ڕوودەدات، ئەوە لەبەر پرسیاریەتی ئیدارەی ئێستای سەرۆك ئۆبامادا نامێنێت، بەڵام ئەگەر بڵێن ئیدارەی ئێستای ئۆباما بڕوای بەوە بێت كە عێراق جارێكی دیكە دەبێتەوە بە دەوڵەتێكی هاوچەرخ و دەتوانێت بە یەكگرتوو بمێنێتەوە، ئەوە نەك هەر لای ئیدارەی ئێستای ئەمەریكا كۆتایی هاتووە، بەڵكو چەند مانگێكە پرۆسەی ئامادەكردنی ئایندەی عێراق لە كارنامەی سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا كاری لەسەر دەكرێت و بڕیارە دوای هەڵبژاردنەكانی نۆڤەمبەری داهاتوو، هەر كەسێ بۆ سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا هەڵبژێردرا، ئەو ڕاپۆرتەی تەسلیم بكرێت.

## ● لاشە مردووەكەی عێراق چ سوودێكی بۆ ئیدارەی ئۆباما هەیە؟

لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ كاتێك حزبی دیموكراتی ئەمەریكا هەڵبژاردنی بردەوە و ئۆباما بوو بە سەرۆكی ئەمەریكا، جۆرج دەبلیو بوش عێراقێكی سەركەوتووی تەسلیمی سەرۆك ئۆباما كرد. عێراقی سەركەوتوو بەو مانایەی سەرۆك بوش توانی بە ڕێگەی ناردنی بەپەلەی هێزی سەربازی (Surge) لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ و سەرەتای ٢٠٠٧، بە چەكداركردنی هۆزەكانی عەرەبی سوننە بەناوی هێزەكانی (سەحوە) كۆتایی بە ڕێكخراوی تیرۆریستی قاعیدە لقی عێراق بهێنێت و چەكدارەكانیان بگەڕێنەوە بۆ سووریا، هەروەها توانی سەقامگیری بگێڕێتەوە بۆ بەغدا و لە هەمانكاتدا پرۆسەی سیاسیی عێراقیش خەریك بوو دەگەڕایەوە باری ئاسایی خۆی، بەتایبەتی گەیشتە ئەوەی كە عەرەبی سوننەی عێراق بڕوای بەوە بێت بەشدارییەكی كاریگەر لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بكات و ئەوە بوو بۆ هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٠ عەرەبی سوننە لە چوارچێوەی لیستی (العراقیة) بە سەرۆكایەتی د.ئەیاد عەلاوی هەڵبژاردنەكە بباتەوە، ئەمەش مانای ئەوە بوو عێراق بەرەو ئەوە دەچوو لە چوارچێوەی زۆرینەی مەزهەبگەرایی بێتە دەرەوە و پرۆسەی دەستاودەستكردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە عێراقدا دەست پێبكات، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیدارەی جۆرج بوش ڕێككەوتنی (سۆفا)ی بۆ مانەوەی هێزەكانی ئەمەریكای لە عێراق لەگەڵ حكومەتی عێراق ئیمزا كردبوو، ئەم ڕێككەوتنە بەو مەبەستە بوو لە ٢٠٠٨ تا ٢٠١١ هێزەكانی عێراق

بگەنە ئەو ئاستەی کە بتوانن خۆیان سەقامگیری خۆیان بپارێزن. ئەم دۆسێیە سەرکەوتووەی عێراق لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ تەسلیمی سەرۆك ئۆباما کرا، بەڵام وەك هەموو دیپلۆمات و بیرمەندانی نێو سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئەمەریکا و جیهان ئاماژەی پێدەکەن، سەرۆك ئۆباما لە بری ئەوەی هەنگاوەکانی سەرۆك بوش تەواو بکات و بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت، کە لە ماوەی ٢٠٠٩-٢٠١١ زیاتر توانای ئەمەریکا بهێنێتە ناو عێراق بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو بێت و هێزەکانی سەحوەی عەرەبی سوننە بە شێوەیەکی سیستیماتیك تێکەڵاوی هێزەکانی ئاسایشی عێراق بکات و بۆ ئەوەی عەرەبی سوننە خۆی بەرگری لەناوچەکانی خۆی بکات، لە هەمانکاتدا کێشەی دابەشکردنی داهات چارەسەر بکات و یاسای نەوت و گازی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق تێپەڕێندرێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا سەرچاوەی نەوت و گاز لە نێوان هەرێم و بەغدا ڕێکبخرێت، هەروەها یاسای هەرێمەکان لە پەرلەمانی عێراق پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی عێراق بە تەواوی ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی. ئیدارەی ئۆباما جیا لەوەی پرۆسەی سیاسی پشتگوێ خست و دەستی نوری مالیکی والا کرد بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی هێزەکانی سەحوە پشتگوێ بخات و بە تەواوەتی دەست لە دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق وەربدات، لە سەرووی هەمووشیانەوە دادگای فیدراڵی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە دەستوورییەکان، لە هەمانکاتدا هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکێشێتەوە.

نوری مالیکی تەنیا لە ماوەی ساڵێك و یەك دوو مانگدا، واتە لە سەرەتای ٢٠٠٩ هەتا هەڵبژاردنەکانی مارتی ٢٠١٠، بە ئاستێك دەستێوەردانی لە هەموو جومگەکانی دەوڵەتدا کردبوو، تەنانەت کە هەڵبژاردنیشی دۆڕاند، ئامادە نەبوو دان بە ئاکامی دۆڕاندنەکەیدا بنێت، ئەمە جیا لەوەی جارێکی تریش تۆماری دەنگدەران بژاردنی بۆ کرایەوە، هەر بۆیە دوای ئەوەی بۆ ماوەی ١١مانگ پێکهێنانی حکومەتی عێراق دواکەوت، سەرەنجام بە گوشاری ئەمەریکا مالیکی دووبارە لە ٢٠١١ کرایەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئۆباما و جۆزیف بایدن-ی جێگری گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی مالیکی دەسەڵاتەکانی خراپ بەکار دەهێنێت و دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران هەڕەشە لە پرۆسەی سیاسی دەکات، بۆیە بە گوشاری ئەمەریکا ئەنجومەنێك بۆ د.ئەیاد عەلاوی لە ڕێککەوتنی هەولێر دیاری کرا بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران لەگەڵ ئەنجومەنەکەی ئەیاد عەلاوی بەش بکرێت، بەڵام دیسان دوای پێکهێنانی کابینەی دووەمی مالیکی، ئەو نەك هەر ڕێگەی نەدا ئەو ئەنجومەنە پێکبهێندرێت، بەڵکو یەك بەندیشی لە ١٩ بەندەکەی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ نەکرد، لەمەش زیاتر نوری مالیکی کە دڵنیابوو ئیدارەی ئۆباما بە تەواوەتی پرۆسەی سیاسی عێراقی فەرامۆش کردووە، هەروەها میدیاکانی جیهانیش کەمتر بایەخیان بە بارودۆخی عێراق دەدا و بە دەگمەن ڕەفتارەکانی نوری مالیکی دەخرانە پێش چاو، بۆیە نوری مالیکی لەماوەی ١٢ مانگی ساڵی ٢٠١١ کە وادەی کۆتایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بوو لە عێراق، کودەتایەکی سپی بە سەر هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا کرد و هەموو دامەزراوەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هەر بۆیە کە ئیدارەی ئەمەریکا بڕیاری دا هێزەکانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بکێشێتەوە، هەر چەند ڕۆژێك دواتر، نوری مالیکی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و چەندین بەرپرسی دیکەی عەرەبی سوننە دەرکرد کە هەندێکیان لە کابینەکەی خۆیدا وەزیریش بوون.

دیارە سەرۆك بارزانی هەر لە دوای ئیمزا کردنی ڕێککەوتنی هەولێر، د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی وەك نوێنەری خۆی بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێر ڕاسپاردبوو، چەند جارێك نوێنەری سەرۆك بارزانی زۆر بە توندی پەیامی سەرۆك بارزانی بە نوری مالیکی و هاوپەیمانی هێزە شیعەکان ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەر جارەو بە بیانوویەك جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیان دوادەخست، بۆیە کارەکە گەیشتە ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لە شوێنی حەوانەوەی مام جەلال لە دوکان کۆببنەوە و لەوێ بڕیاریان دا کە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە متمانە لە نوری مالیکی بسەننەوە، دیارە ئەم حاڵەتەش بە هۆی گوشاری ئێران و پەرتەوازەبوونی لیستی ئەلعێراقیە و هەروەها ترسی لایەنە شیعەکان لەوەی دەسەڵاتیان لەدەست دەربچێ، هەروەها بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی تازەی تێکدەر لە کوردستان بووە

**لەم حاڵەتەدا کە سیاسەتی سەرۆک بارزانی هەموو پایەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی لەسەر ئاستی جوگرافیا و سوپا و ئابووری خستۆتە سەر سکەی خۆی و جیهان پشتگیری ئەو ئەمری واقیعە دەکات کە بارزانی دروستی کردووە، مانای ئەوەیە بەس ئەم پێنج شەش مانگە تەواو بێت، ئایندەیەکی گەش و ڕووناک ڕوو لە کوردستان دەکات و نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە دەوڵەتێکی تازەو سەرکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، چیدیکەش ئیدارەی ئەمەریکا ناتوانێت و لە بەرژەوەندیدا نابێت لاشە مردووە کلینیکییەکەی عێراق پارێزگاری بکات و بۆ ئەویش باشترە مردنی بایۆلۆژی عێراق ڕابگەیێنێت**

**بۆ ئەوەی نەشتەرگەرییەکی زۆر لەسەرخۆ و ورد بۆ جیاکردنەوەی عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە ئەنجام بدرێت، ئەوا لەکەشی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بوونی داعش لە ناوچەکە ئەو کارە ناکرێت، بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بۆتە ئەوەی هەرچۆنێک بێت ئەم پێنج شەش مانگە بارودۆخی عێراق وەک ئەوەی هەیە وەک خۆی ڕابگرێت**

**ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا راستییەکی دیکەی بۆ دەرکەوتووە، ئەویش ئەوەیە کە جارێکی دیکە نە کوردستان دەتوانێت لەگەڵ عێراق بژی، نە عەرەبی سوننە دەتوانێت لە عێراقێکدا بژی کە لە بەغداوە شیعە حوکمڕانیی بکات، بۆیە لە ئێستاوە ئەمەریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کوردستان وەک ئەمری واقیع سەربەخۆ بێت، بەڵام لە رووی سیاسی و قانوونییەوە هەر بەشێک بێت لە عێراق**

**پاراستنی بارودۆخی ئێستای کوردستان بەمشێوەیە لە ئێستادا بۆتە بەشێک لە سیاسەتی فەرمی ئیدارەی ئێستای ئۆباما و دروستبوونی گۆڕانکاری خێرا لە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر پێشمەرگە و چارەسەکردنی قەیرانی دارایی کوردستانیش، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی ئەمەریکا گەیشتۆتە قەناعەتی تەواو کە تەنیا لە رێگەی کوردستانەوە دەتوانێت ئەم بارودۆخەی عێراق بۆ ماوەی پێنج شەش مانگی داهاتوو رابگرێت**

هۆکاری ئەوەی نیسابی یاسایی بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی سەر نەگرێت، بۆیە بەناچاری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە تەواوەتی هەڵوێستی خۆی راگەیاند بەوەی کە ئەگەر عێراق بەرەو دیکتاتۆری بچێتەوە، ئەوا کورد ناچێتەوە ژێر باری دیکتاتۆریەت و دەبێت گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و هەر بڕیارێکیش بدات ئەوا سەرۆك و پەرلەمانی کوردستان دەبێت جێبەجێی بکەن. سەرۆك بارزانی هەر دوای ئەم پەیامەی، کاتێك سەردانی ئەمەریکای کرد، ئەم پەیامەی بە ئیدارەی ئەمەریکی راگەیاند و لە میانەی ئەو پەنێلانەشی کە لە ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە بۆی ئامادە کرابوو، جارێکی دیکە هەڵوێستی خۆی دووبارە کردەوە و بە جیهانی راگەیاند ئەگەر عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئێمە ناچینەوە ژێر باری دیکتاتۆریەت و دەبێت گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش کاتێك نوری مالیکی ئەم هەموو پێشێلکارییانەی بە بەرچاوی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و ئیدارەی ئەمەریکی دەکرد، بەڵام سەرۆك ئۆباما و باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بە بیانووی ئەوەی عێراقییەکان خۆیان دەبێت کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بە تەواوەتی خۆیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دوورخستەوە، ئەمەش هێندەی دیکە دەستی نوری مالیکی واڵا کرد، بۆ ئەوەی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان ئامادە بکات، هەنگاوی یەکەمیشی بۆ ئەم مەبەستە دروستکردنی هێزێك بوو بە ناوی فەرماندەی دیجلە بۆ ئەوەی کەرکووك داگیربکاتەوە، بەڵام کە سەرۆك بارزانی فەرمانی کرد هێزی پێشمەرگە دژی ئەو رەفتارە بجووڵێت و بەرەنگاری هێزەکەی مالیکی ببێتەوە، ئیدارەی ئۆباما کەوتە بەینەوە بۆ ئەوەی شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دیجلە دروست نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بە تەواوەتی لە پرۆسە سیاسییەکە هاتبووە دەرەوە و مالیکی لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە تەواوەتی عەرەبی سوننە سەرکوت بکات، سەرلەنوێ تیرۆریستانی قاعیدە خۆیان رێکخستەوە و وەك کاردانەوەیەکیش بۆ رەفتارە دیکتاتۆرییەکانی مالیکی ئەمجارەیان عەرەبی سوننە نە متمانەی بە ئەمەریکا بوو، نە بە حکومەتەکەی مالیکی، بۆیە هاوسۆزییەکیان لەگەڵ تیرۆریستانی قاعیدە بۆ دروست بوو، کە پاش ئەوەی تیرۆریستانی قاعیدەی عێراق لە قاعیدە جیابوونەوە، داعشیان لە سەرەتای ٢٠١٤ راگەیاند.

ئەوەی جێگەی وەبیر هێنانەوەیە لە ساڵی ٢٠١٣ مالیکی عێراقی گەیاندە ئەو ئاستەی کەناڵی CNN ئەو پرسیارەی وروژاند: (ئایا دامەزراوەکانی عێراق بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشاون؟ iraq is unraveling)، ئەم پرسیارە لە مانگی ئایاری ٢٠١٣ رووبەڕووی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق کراوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا پاکانەیان بۆ دەکرد و ئەمەریکاش خۆی بێدەنگ کردبوو. هەتا ساڵی دواتر واتە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش موسڵی داگیرکرد و خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا راگەیاند. سەبارەت بەم رووداوە، جێمیس جیفری باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق رۆژی ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لە پەنێلێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك راشکاوانە رایگەیاند ئەمەریکا پێشتر لە رووداوە بێ ئاگا بووە.

دیارە ئەم باکگراوەندەی هەشت ساڵی رابردووی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق لەماوەی سەرۆکایەتی ئۆمابادا گرنگ بوو، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین مانەوەی عێراقێکی لەبەریەك هەڵوەشاوەی بەمشێوەیە چ سوودێکی بۆ ئیدارەی ئۆباما و ئایندەی حزبی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمەریکادا هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەم خاڵانە دەدەینەوە:

١. ماوەی نزیکەی ساڵێکە پرسی عێراق و شەڕی داعش رەنگدانەوەیەکی تەواوی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا هەیە، کاندیدی حزبی کۆماری بە ئاشکرا ئەوەیان راگەیاندووە ئامادەن راستەخۆ هێزی پێشمەرگەی کورستان پڕچەك بکەن و هاوکاری کوردستان بکەن، ئەمەش تا ئێستا دووجار لەلایەن کۆمارییەکانەوە کراوەتە پرۆژە یاسای کۆنگرێس و بۆ دەنگدان ئامادەکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆمارییەکان پرسی کۆتایی عێراقیان کردووە بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بۆیە ئۆباما نایەوێت ئەم کارتە بە تەواوەتی بکەوێتە دەستی کۆمارییەکان.

٢. لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی داعش و داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، دیپلۆماتییەتی ئەمریکی لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جەختکردنەوەیە لە سەر عێراقێکی یەکگرتوو،

ناوبردنی هێزی پێشمەرگە بە هێزێکی عێراقی، گوشار خستنە سەر حکومەتەکەی عەبادی بۆ ئەوەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە مەنزومەی بەرگری عێراق لە قەڵەم بدرێت و بودجەی پێشمەرگە لەسەر بودجەی سەروەری عێراق بێت، بەڵام دیپلۆماتییەتی ئەمەریکا لەم هەوڵەی فەشەلی تەواوی هێنا، هۆکاری یەکەمی ئەم فەشەلەش پابەندنەبوونی حکومەتەکەی عەبادی بوو بە ناردنی بودجەی پێشمەرگە لەسەر بودجەی سەروەری، هەروەها بڕینی بودجەی کوردستان بە تەواوەتی، بۆیە هەوڵەکانی دیپلۆماتییەتی ئەمەریکا بۆ یەکخستنەوەی عێراق سەری نەگرت و حەیدەر عەبادی و هێز و لایەنە شیعییەکان لەباریان برد. بۆیە ئێستا خەریکە واز لەو دیپلۆماتییە فاشیلە دەهێنن و باشتر مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن، بەڵام دیسان ئەوەشمان پێدەڵێن بە مەرجی ئەوەی هەموو هاوکارییەکان بە ڕێگەی بەغداوە بێت.

٣. ئەو ئاڵۆزی و گرژی و خۆپیشاندان و پەکخستنی پەرلەمانە کە ئێستا لە بەغدا ڕوودەدات، بە شێوەیەکی رووکاری بەدڵی سیاسەتی ئەمەریکا نییە، بەڵام بۆ تێپەڕاندنی ئەو ٥-٦ مانگەی ماوە بۆ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، بە بەرژەوەندی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا دەشکێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماوەیەك پرۆسەی سیاسی بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە، هەروەك چۆن ئێستا هەموو لایەنەکان بەلایەنی کوردستانیشەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن، دانیشتنێکی شەرعیی پەرلەمانی عێراق گرێبدرێت، لە ئێستا پەرلەمانتارانی هەر دوو کوتلەی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە سەرقاڵی ئەوەن کامیان زۆرینە دروست دەکەن، پێدەچێت بە هۆی گوشاری دەرەکییەوە جارێ ئەو زۆرینەیە بۆ هیچ لایەنێکیان دروست نەبێت، بۆیە ئەم پرۆسەیە بە هەڵواسراوی بە قازانج بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتەکان دەشکێتەوە.

٤. ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا کارتێکی دیکەی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی هەتا مانگی نۆڤەمبەر عێراق بمێنێتەوە، ئەویش پرۆسەی ئازادکردنی موسڵە، ئەوەی لە پلانی ئەمەریکا بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ تێبینی دەکرێت، بە تەواوەتی هەست دەکرێت، ئامانجێك لە پشت پلانەکەیەوە هەیە و نایەوێت پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، هاوشێوەی پرۆسە ئازادکردنەوەی تکریت و ڕوومادی بێت، بە واتایەکی دیکە وەك زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوە ئاماژەی پێدەکەن، پێدەچێت ڕاستەوخۆ ئەمەریکا خۆی سەرپەرشتی پرۆسە ئازادکردنەوەی موسڵ بکات، لەم پلانەدا ئەمەریکا هەوڵیداوە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەم لە ڕووی سەربازییەوە هەماهەنگی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست بکات، هەم هەوڵیداوە شێوەیەك لە ڕێککەوتن لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی موسڵ دوای نەمانی داعش دروست بکات، لەولاشەوە هەوڵیداوە هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی وەتەنی و سوپای عێراق دروست بکات، هەروەها نزیکبوونەوە لە نێوان هۆزە عەرەبەکان و هەرێمی کوردستان دروست بکات. ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم پلانەی ئەمەریکا بدەین، بە ڕاشکاوی ئەوە دەبینین هەوڵەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی ئەم پلانەی دایناوە بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، جۆرێك لە هێوربوونەوە لەنێوان بەغدا و هەولێر، هەروەها نزیکبوونەوەیەك لە نێوان سوننە و کورد دروست دەکات، لەمەش زیاتر هێوربوونەوەیەك لە نێوان هۆزەکانی عەرەبی سوننە و حکومەتی عێراق دروست دەکات، ئەمەریکا باش دەزانێت ئەم هێوربوونەوەیە بەرەو ئەوە ناچێت کە عێراقی پێ ڕێکبخرێتەوە، بەڵام ئەو ئەوەندە ئەو هێوربوونەوەیەی پێویستە تا هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت.

## ● کوردستان هەتا مانگی نۆڤەمبەر و لە سیاسەتی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکادا

ئەو سیاسەتە لۆژیکی و لەسەرخۆ و هێمنانەیەی سەرۆك بارزانی لەم کاتە هەستیارە پیادەی دەکات، ئەوەیە کە هەتا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا تێدەپەڕێت، کوردستان دووچاری هیچ کێشەیەکی لەناکاو، یان شڵەژانێکی سیاسی نەبێتەوە، ڕاگرتنی ئەم بارودۆخەی کوردستان بەمشێوەیە جیا لەوەی بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی هەرێم و هەر چوارپارچەی کوردستانە، بەڵام بەدیوەکەی دیکەیدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێستای بەغدا و هەروەها سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا و بەشی زۆری دەوڵەتانی ناوچەکەش یەك دەگرێتەوە، هەر بۆیە پاراستنی بارودۆخی ئێستای کوردستان بەمشێوەیە لە ئێستادا بۆتە بەشێك لە سیاسەتی فەرمی ئیدارەی ئێستای ئۆباما و دروستبوونی گۆڕانکاری خێرا لە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر پێشمەرگە و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی کوردستانیش، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی ئەمەریکا گەیشتۆتە

**ئەو ئاڵۆزی و گرژی و خۆپیشاندان و پەکخستنی پەرلەمانە کە ئێستا لە بەغدا ڕوودەدات، بە شێوەیەکی ڕووکاری بەدڵی سیاسەتی ئەمەریکا نییە، بەڵام بۆ تێپەڕاندنی ئەو ٥-٦ مانگەی ماوە بۆ کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، بە بەرژەوەندی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا دەشکێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماوەیەک پرۆسەی سیاسی بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە**

**ماوەی نزیکەی ساڵێکە پرسی عێراق و شەڕی داعش ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا هەیە، کاندیدی حزبی کۆماری بە ئاشکرا ئەوەیان ڕاگەیاندووە ئامادەن ڕاستەوخۆ هێزی پێشمەرگەی کورستان پڕچەک بکەن و هاوکاری کوردستان بکەن، ئەمەش تا ئێستا دووجار لەلایەن کۆمارییەکانەوە کراوەتە پرۆژە یاسای کۆنگرێس و بۆ دەنگدان ئامادەکراوە**

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە تەواوەتی هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند بەوەی کە ئەگەر عێراق بەرەو دیکتاتۆری بچێتەوە، ئەوا کورد ناچێتەوە ژێر باری دیکتاتۆریەت و دەبێت گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و هەر بڕیارێکیش بدات ئەوا سەرۆك و پەرلەمانی کوردستان دەبێت جێبەجێی بکەن**

**ئەگەر بڵێین ئیدارەی ئێستای ئۆباما بڕوای بەوە بێت کە عێراق جارێکی دیکە دەبێتەوە بە دەوڵەتێکی هاوچەرخ و دەتوانێت بە یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەوە نەك هەر لای ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا کۆتایی هاتووە، بەڵکو چەند مانگێکە پرۆسەی ئامادەکردنی ئایندەی عێراق لە کارنامەی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا کاری لەسەر دەکرێت و بڕیارە دوای هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری داهاتوو، هەر کەسێ بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا هەڵبژێردرا، ئەو ڕاپۆرتەی تەسلیم بکرێت**

قەناعەتی تەواو کە تەنیا لە ڕێگەی کوردستانەوە دەتوانێت ئەم بارودۆخەی عێراق بۆ ماوەی پێنج شەش مانگی داهاتوو ڕابگرێت.

لە سەرینی ئەم واقیعەوە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا ڕاستییەکی دیکەی بۆ دەرکەوتووە، ئەویش ئەوەیە کە جارێکی دیکە نە کوردستان دەتوانێت لەگەڵ عێراق بژی، نە عەرەبی سوننە دەتوانێت لە عێراقێکدا بژی کە لە بەغداوە شیعە حوکمڕانیی بکات، بۆیە لە ئێستاوە ئەمەریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کوردستان وەك ئەمری واقیع سەربەخۆ بێت، بەڵام لە ڕووی سیاسی و قانوونییەوە هەر بەشێك بێت لە عێراق، جیاکردنەوەی کوردستان بە شێوەی ئەمری واقیع و هێشتنەوەی وەك بەشێك لە عێراق لە ڕووی سیاسی و قانوونییەوە، بۆ ئێستای سیاسەتی ئەمەریکا سوودێکی هێجگار زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی لێکجیاکردنەوەی عەرەبی سوننە و شیعەی عێراق کارێکی هێجگار ئاڵۆزە و ئەگەر زۆر بە وردی کاری تێدا نەکرێت، ئەوا پریشکی ئەو دابەشکردنە شوێنی دیکەش دەگرێتەوە و بەتەواوەتیش ئەو پرۆسەیە دەبێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و سعودیە و دیارە لەپشت سعودیەشەوە چەندین دەوڵەتی دیکەی هاوپەیمان دوستی ئەمەریکا هەن، کەواتە بۆ ئەوەی نەشتەرگەرییەکی زۆر لەسەرخۆ و ورد بۆ جیاکردنەوەی عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە ئەنجام بدرێت، ئەوا لەکەشی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بوونی داعش لە ناوچەکە ئەو کارە ناکرێت، بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بۆتە ئەوەی هەرچۆنێك بێت ئەم پێنج شەش مانگە بارودۆخی عێراق وەك ئەوەی هەیە وەك خۆی ڕابگرێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا سەرۆك و ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا دەتوانن لەگەڵ عێراقێکی بەمشێوەیە مامەڵە بکەن؟ بێگومان وەڵامی هەموو دیپلۆماتکاران و توێژەران و بیرمەندانی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆلینەوە بەو شێوەیە، بەردەوامیی بارودۆخی عێراق بەمشێوەیە هەموو کات مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و ئەم پرسە پێویستی بە چارەسەرێکی ڕیشەیی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم بارودۆخەی عێراق و سووریا قاعیدەی گۆڕی بە داعش و داعشیش خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند، بۆیە ئەگەر چارەسەری ڕیشەیی نەکرێت، ئەوا بێجگە لە داعشی سوننە، داعشی شیعەش



دروست دەبێت کە ئێستا هەندێك پسپۆڕ و توێژەر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکەن کە لە سەر هەمان مۆدێل و شێوازی داعش، لە سووریا داعشی شیعەش دروست بووە، ئەمەش هەموو جیهان نیشاردۆتەوە کە داعش بۆتە گەورەترین مەترسی لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان.

دیارە بۆ دۆزینەوەی ئەم چارەسەرە ڕیشەییەش، ئەمەریکا ئەولەوییەتی بە عێراق داوە لەبەر ئەوەی بارودۆخی سووریا جیاوازترە لە عێراق و ئاشکرایە ئەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆی دەچێتەسەر، بەو ئاسانییە لە سووریا بۆی ناچێتە سەر، ئەمەش وایکردووە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك کە هەموو پسپۆڕان و باڵیۆزانی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق بەشداری تێدا دەکەن، بووبێتە ئەولەوییەتی ستراتیژ و سیاسەتی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق، ئەم لێژنەیەی ئەم ڕاپۆرتە



ئامادەدەکات، سەرۆکایەتییەکەی سپێردراوە بە رایان کرۆکەر-ی باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق، هەر بۆیە لە پەنێڵێکدا کە مانگی مارتی رابردوو لە ئامۆژگای ئەتڵەنتیك لەسەر ئامادەکردنی راپۆرتی ئایندەی عێراق رێکخرابوو، کاتێك پرسیار لە هەردوو باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق جێمس جیفری و رایان کرۆکەر کرا، سەبارەت بە ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان، زۆر راشکاوانە وەڵامیان دایەوە، مافی چارەنووس مافی هەموو گەلێکە و نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەربەخۆیی کوردستان چۆتە قۆناخێکی دیکە و ئێستا وەك پێویستیەك بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و جیهانیش سەیر دەکرێت، بۆیە ئەم پرسە پێویستی بەوەیە دەوڵەتێکی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بەرزی بکاتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی مافی چارەنووس وەك مافێکی شەرعی و پشت بەستوو بە پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ گەلی کوردستانیش جێبەجێ بکرێت.

لەم حاڵەتەدا کە سیاسەتی سەرۆك بارزانی هەموو پایەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی لەسەر ئاستی جوگرافیا و سوپا و ئابووری خستۆتە سەر سکەی خۆی و جیهان پشتگیری ئەو ئەمری واقیعە دەکات کە بارزانی دروستی کردووە، مانای ئەوەیە بەس ئەم پێنج شەش مانگە تەواو بێت، ئایندەیەکی گەش و رووناك روو لە کوردستان دەکات و نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە دەوڵەتێکی تازەو سەرکەوتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، چیدیکەش ئیدارەی ئەمەریکا ناتوانێت و لە بەرژەوەندیدا نابێت لاشە مردووە کلینیکییەکەی عێراق پارێزگاری بکات و بۆ ئەویش باشترە مردنی بایۆلۆژی عێراق رابگەیێنێت.

**کورد شایستەیی خۆیان سەلماندووە بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەت. ئەوان هاوکار بوون لە پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا. ئەو دەوڵەتە کوردییەی دروست دەبێت، پێوەندی باشی دەبێت لەگەڵ ئیسرائیلدا. کە پێکەوە دەتوانن هاوکاربن لە هێنانەئارای هێوری و ئارامی بۆ ناوچەکە**



## کۆرینه زۆلی

### توێژەری ئاسایشی نەتەوەیی و بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم بۆ گوڵان:

# ئێستا کوردستان بە دیفاکتۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و گرنگە جیهان ڕێز لە ئیرادەی ئەم گەلە بگرن

کۆرینه زۆلی بەڕێوبەری توێژینەوەیە لە ئەنستیتیوتی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و وانەبێژی زانستی سیاسییە لە سکوڵی ماکسوێڵ بۆ هاووڵاتیبوون و کاروباره گشتییەکان، لە توێژینەوەکانیدا جەخت لەسەر کێشه هاوچەرخەکانی شەڕ و سیاسەتی گشتی و قۆناخی ڕاگوزەری دوای شەڕ و چەند بوارێکی دیکە دەکات. بۆ شیکردنەوەی پلانی دوای رزگارکردنی موسڵ و زەرووڕەتی لەبەرچاوگرتنی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و پرسی سەربەخۆبوونی ئەم هەرێمە، گوڵان لە دیدارێکدا چەند پرسیارێکی لێکرد و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

*** چۆن لە ئامادەکارییەکانی پرۆسەی رزگاکردنی شاری موسڵ دەڕوانیت و ئایا پێتانوایە ئازادکردنی ئەم شارە بە مانای کۆتایی پێهێنانی داعش دەبێت؟**

- پێموایە بڕیاری ئەمەریکا بۆ رەوانەکردنی ژمارەیەك لە هێزی زەمینی و چڕکردنەوەی هێرشە ئاسمانییەکان کە بۆ چەندین مانگە بەردەوامە، جیاوازییەکی گەورە دروست دەکەن. هەروەها بوونی هێزی شەڕکەر هاوکار دەبێت و ئەو هێزانە راوێژ پێشکەش دەکەن، هەروەها جێگیرکردنی ئەو هێزانەی ئەمەریکا لە نێو هێزەکانی عێراقدا جیاوازییان دروست کردووە. کەواتە ئەمانە ئاماژەگەلی ئیجابین، هاوکات ئەمانە بەداخەوە هەنگاوگەلێکی درەنگوەختن، بەڵام هەنگاون بە ئاڕاستەی راستدا. چارەسەری سەربازیش تەنیا بەشێکی چارەسەرەکەیە و ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە و تەنیا بە رێگاچارەی سەربازی یەکلاناکرێتەوە.

*** ئایا ئەمەریکا پلانی بۆ دوای ئازادکردنی ئەو شارە هەیە؟**

- من زۆر پێم باشە کە ئیدارەی ئۆباما پلانی قۆناغی ئینتیقالی و ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕی هەبێت، ئەمە پرسێکە کە ئەم ئیدارەیەی ئێستا و ئیدارەکانی پێشوو، وەك ئیدارەی بۆش، لە هەوڵدا بوون بۆ ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان پلانی دوای شەڕیان هەبێت. راستە خەڵکانێك هەبوون هەوڵی لەم چەشنەیان دەدا و کات و سەرچاوەیان بۆ تەرخان دەکرد، بەڵام وەك پێویست نەکرانە ئەولەوییەت. بە تێڕوانینی من ئیدارەی ئۆباما هۆشیارە بەم پرسە و وەزیری بەرگریش، ئاشتون کارتەر، زۆر باش بایەخ بە پلاندانی لۆجیستی دەدات، ئەمانە دوو ئاماژەی ئیجابین. هەروەها پێموایە پێویستە لە عێراقدا چارەسەری سیاسی بۆ دوای شەڕەکە هەبێت. بەلای منەوە ئیدارەی ئەمەریکا و زۆرێك لە بەرپرسەکان- لە نێویاندا ئەندامانی کۆنگرێس- باوەڕیان وایە پێویستە عێراق خۆی جڵەوی چارەسەرە سیاسیەکە بگرێتەدەست و کێشەی دابەشبوونی تایفەگەری و ئاشتەوایی نیشتمانی و هێنانەئارای فرەیی لە حوکمڕانی و دامەزراوە سیاسییەکان چارەسەر بکەن.

*** لەبەر ئەوەی عێراق سوپایەکی نیشتمانی نەماوە، ئەوا ناچار بووە پەنا بباتە بەر هێزەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند بەشداریکردنی ئەم میلیشیایانە لە ئازادکردنەوەی موسڵدا کارەسات بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە پێشتر ئەوان لە شوێنەکانی دیکەدا پێشێلکارییان کردووە و تا چەند دەبێت ئەمریکا رێگری لە بەشداریکردنیان بکات؟**

- ئەمە دەقاودەق کێشەکەیە، هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکردووە، کە ئەم میلیشیایانە بە جۆرێك هەڵسوکەوتیان کردووە کە زەحمەت بووە بۆ سوپا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چونکە لاوازییەکانی دانیشتووانە مەحەلییەکە ئیستیغلال کراوە و کراونەتە ئامانج، هەروەها ئەم هێزانە بوونەتە هۆی خراپترکردنی دابەشبوونە تایفەگەری و ئیتنی و خێڵەکییەکان، بە هەمان شێوە ئەوەش راستە کە ئەم کردەوانە بۆ ماوەیەکە بەردەوامن. لە لایەکی دیکەوە راستە دەتوانرێت هاوکاری دەستەبەربکرێت، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانرێت —دەوڵەتێك لە دەرەوەڕا- بە تەنیا کێشەی وڵاتێکی دیکە چارەسەر بکات. بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بە هۆی مێژووی کۆلۆنیالیزم و ئەو هەستەی لای دانیشتووانی ئەم ناوچەیە هەیە، دەستێوەردانی رۆژئاوا تەنیا بۆتە هۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە، بەو پێیە ئەگەر ئەمەریکا هەوڵی هاوکاری بدات، کە من دڵنیام نیازی باشی هەیە و سەرچاوەی باشیشی لەبەردەستدایە، بەڵام دەبێت خەڵکی عێراق و لایەنە سیاسییەکان خوازیاری ئەو هاوکارییە بن لە ئەمەریکا، کە پێموایە خەڵکانێکی زۆر ئەم کارە دەکەن، وەك کوردە شەڕکەرەکان کە پشکی شێری ئەم کارەیان بەرکەوتووە کە لە هەوڵی شکستپێهێنانی داعش و سەقامگیرکردنی ناوچەکانی عێراقدا بوون.

*** وەك دەزانن تا ئێستا پێشمەرگە هێزێکی کارا و کاریگەر بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئایا تا چەند بەشداریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئازادکردنەوەی شاری موسڵدا بە پێویست دەزانن؟**

- هەر کەسێك کە خەلفیەتێکی سەربازی هەبێت و ئاشنا بێت بە دۆخی عێراق دەزانێت پێشمەرگە چ هێزێکی گرنگ بووە، بەتایبەتی لە شەڕی دژ بە داعشدا، دەزانێت کە هێزێك نییە جێگرەوەی هێزی پێشمەرگە بێت و پێشمەرگە پشکی شێری لەم ئەرکەدا لە ئەستۆ گرتووە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی ئێوە باسیان دەکەن. بەڵام کاتێك دێتەسەر مەسەلە سیاسییەکە پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەو رۆڵەی- پێشمەرگە- لەبەرچاو دەگیرێت و رێزی لێدەنرێت لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە. کە بە تێڕوانینی من گرنگە ئەمە رووبدات. سەرەڕای ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێکرد کە هەموو

**جیهان دەتوانێت سوودێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و حکومەتی کوردستان وەربگرێت لە پێوەندی بە چارەسەرکردنی دۆخی دوای شەڕەوە**

**خەڵکانێک لە رۆژئاوا و ئەمەریکا هەن کە رێز لەوە دەگرن کە سیستمەکە لە کوردستاندا مەیلی ئەوەی هەیە دیموکراسی و نوێنەرایەتی دەستەبەر بکات**

**ئەوەی کەمتر تیشکی خراوەتەسەر لە راگەیاندنەکانی جیهاندا ئەو راستییەیە کە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارەی داڵدەداوە و پارێزگاری لێکردوون و لە نێویاندا کەمینە ئاینییەکان هەن، کە دەبێت ئەمەش لەبەرچاو بگیرێت**

کەسێك دەزانێت کە پێشمەرگە چ رۆڵێکی گرنگ و میحوەری هەیە لە پاشەکشەپێکردن و تێکشکاندنی داعشدا، ئەمە راستییەکە لەبەرچاو دەگیرێت لە راگەیاندنەکانی جیهاندا و لە زۆر شوێن باسی کراوە، کەواتە دانپێدانانێکی گشتی هەیە لەم بارەیەوە. بەتایبەتی رۆڵیان لە پاراستنی کەمینە ئایینییەکانی وەك ئێزیدییەکان، هەروەها هۆشیاری رای گشتی جیهانیش لە ئاست پێشمەرگەدا زیاتر بووە. بەڵام ئەوەی کەمتر تیشکی خراوەتەسەر لە راگەیاندنەکانی جیهاندا ئەو راستییەیە کە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارەی داڵدەداوە و پارێزگاری لێکردوون و لە نێویاندا کەمینە ئایینییەکان هەن، کە دەبێت ئەمەش لەبەرچاو بگیرێت. من خوازیارم ئەم واقیعە و ئەم راستییە پتر بە جیهان ئاشنا بکرێت، لەبەر ئەوە نازانم ئایا هەموو کەس ئاشنایە بەم راستییە، بە هەوڵی گەلی کورد و حکومەتی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی کەشێکی سەلامەت بۆ زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارە کە زۆربەیان سوننەن، هەروەها کەمینەی ئایینی وەك ئێزیدییەکانیش لەخۆدەگرن. لەبەر ئەوە دەبێت ئەم راستییەی سەر ئەرزی واقیع پتر ئاشنا بکرێت بە رای گشتی لە دەرەوە، چونکە پێموانییە وەك پێویست درکی پێکرابێت. هەروەها دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئەو واقیعە لەبەرچاو بگرن، بەتایبەتی کە قەیرانی ئاوارەکان زۆر گەورەیە.

*** چۆن لە ئەگەری سەربەخۆبوونی کوردستان دەڕوانیت؟**

- ئێوە لەوەدا پێکاوتانە کە بەلەبەرچاوگرتنی دەستێوەردانی داعش و ئەو شەڕ و ناکۆکییەی لە سووریا و عێراقدا لەئارادایە، ئەوا دەتوانرێت بوترێت کە کوردستان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا پتر بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە رووی ئەمری واقیعەوە، ئەوەش ئاشکرایە کە لەبەر چەندین هۆکار کورد خواستی سەربەخۆیی هەیە. چونکە خاوەنی دامەزراوە سیاسییەکان و سیستمی حوکمڕانین، خاوەنی سوپان کە بریتییە لە پێشمەرگە و هێزێکی کاریگەر بوون بەتایبەتی لە شەڕەکانی ئەم دواییەدا و خاکی خۆیان دەپارێزن. واتە زۆرێك لە ئەرکەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدەن. خەڵکانێکیش لە رۆژئاوا و ئەمەریکا هەن کە رێز لەوە دەگرن کە سیستمەکە لە کوردستاندا مەیلی ئەوەی هەیە دیموکراسی و نوێنەرایەتی دەستەبەر بکات. هەروەها لەبەر ئەوەی ناوچەکەتان فرەیی ئایینی و ئیتنی تێدایە، ئەوا دەبێت رێگاچارەیەك بگرنەبەر کە پێکهاتە جیاوازەکان لەخۆبگرێت. بە پێچەوانەوە ناکۆکی دروست دەبێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر یەکگرتوویی هەرێمەکە و کۆمەڵگەکە بەگشتی. لەبەر ئەوە پێموایە رێزێکی زۆر لەو کارانە دەگیرێت کە حکومەتی کوردستان و خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکا دووچاری دژواری دەبێتەوە لەوەدا کە ئایا دەتوانێت پشتیوان بێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان، نەك لەبەر ئەوە گرفتی هەیە لەگەڵ بیرۆکەی سەربەخۆبووندا، بەڵکو لەبەر ئەوە هەوڵی سەخت دەدات بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و هەوڵی سەخت دەدات بۆ ئەوەی ناوچەکە دەرباز بێت لەو قەیرانە وێرانکار و جددییانە، هەروەها لە کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان کە شەڕی بەوەکالەت دەکەن و ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری دەبەن. کەوابێت ئیدارەی ئۆباما و زۆرێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانن چۆن هاوکار بن بێ ئەوەی یەکێتی عێراق لاواز بکەن. بەڵام ئایا ئەمە کێشەیە یان نا، دەکرێت ئەمە پرسێك بێت کە خەڵکی لە مەودای دووردا قەناعەتی پێبکەن، رەنگە هەندێ کەس پێشنیاری فیدراڵییەت بکەن، یاخود پێشنیاری ئەوە بکەن کوردستان بە شێوەیەکی چڕ و پڕتر کار لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بکات بۆ چارەسەرکردنی شەڕەکە و قۆناخی دوای شەڕەکەش.

*** دوا وتەتان چییە؟**

شتێکی زۆر بایەخدار دەبێت ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوێ بۆ خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت لە بارەی ئەوەی چ مۆدێلێك بۆ دوای شەڕ پیادە بکرێت، باوەڕم وایە جیهان دەتوانێت سوودێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و حکومەتی کوردستان وەربگرێت لە پێوەندی بە چارەسەرکردنی دۆخی دوای شەڕەوە. من دەزانم ئێوە سەرقاڵی پرسی گەورەترن لە بنیادنانی مۆدێلێك بۆ قۆناخی راگوزەری دوای شەڕ، بەڵام ئەگەر کەسانێك هەبن لە حکومەتی کوردستاندا کە بیر لەو پرسە بکەنەوە و مۆدێلێك بخەنەڕوو ئەوا زۆر سوودبەخش دەبێت بۆ چەندین پێکهاتە. هەروەها ئێوە لە هەموو کەس زیاتر نزیك بوون لە شەڕەوە و کاراکتەرێکی بەرهەمدار بوون، لەبەر ئەوە هێندەی نزیکبوونتان لە کێشەکەوە ئەوەندە نزیکن لە چارەسەرەوە، لەبەر ئەوە بیرۆکەی ئێوە بۆ مۆدێلی دوای شەڕ هاوکار دەبێت لەو گفتوگۆیەی لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانی لەم بارەیەوە دەکرێت.

هەر کەسێک کە خەلفیەتێکی سەربازی هەبێت و ئاشنا بێت بە دۆخی عێراق دەزانێت پێشمەرگە چ هێزێکی گرنگ بووە، بەتایبەتی لە شەڕی دژ بە داعشدا، دەزانێت کە هێزێک نییە جێگرەوەی هێزی پێشمەرگە بێت و پێشمەرگە پشکی شێری لەم ئەرکەدا لە ئەستۆ گرتووە

بە هۆی مێژووی کۆلۆنیاڵیزم و ئەو هەستەی لای دانیشتووانی ئەم ناوچەیە هەیە، دەستێوەردانی رۆژئاوا تەنیا بۆتە هۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە

ئەگەر ئەمەریکا هەوڵی هاوکاری بدات، کە من دڵنیام نیازی باشی هەیە و سەرچاوەی باشیشی لەبەردەستدایە، بەڵام دەبێت خەڵکی عێراق و لایەنە سیاسییەکان خوازیاری ئەو هاوکارییە بن لە ئەمەریکا

# بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن داعشەوە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



محەمەدی مەلاقادر

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە کە کوردستان تەنیا لە ڕابردوودا دووچاری کارەسات نەبۆتەوە، بەڵکو لەم ساتەوەختەشدا هەڕەشە و مەترسییەکان یەخەی کوردستانیان گرتووە، بەتایبەتی ئەو شەڕە داسەپاوەی کە داعش لە دژی ئەم هەرێمە بەرپای کردووە. کە تەنانەت لەم شەڕەدا سڵی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەکردۆتەوە لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە، بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە لە چەند شوێنێك هێرشی کیمیاوی کراوەتە سەر پێشمەرگە و ئەم هەواڵە لەلایەن ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی ئەورووپیش دووپات کرایەوە. ئەمە لە کاتێکدا کوردستان ڕووبەڕووی هێرشی کیمیاوی گەورەتر بۆتەوە لە ڕابردوودا، وەك کیمیابارانی گوندی شێخ وەسانان و گوندی گۆپتەپە لە ١٩٦٧/٤/١٦ لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبییەوە، کە تەنیا لەم دوو شوێنەدا پتر لە ٢٠٠ کەس شەهید بوون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون، کە تا ئێستاش شوێنەواری ئەو هێرشانە ماون. هەروەها کارەساتی هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ کە لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراقەوە کیمیاباران کرا و ٥،٠٠٠ کەس لە ژن و پیاو و منداڵ شەهید بوون و ١٥ هەزارکەسیش بریندار بوون و بە هەزاران کەسیش گواسترانەوە بۆ تاران و چەندها کەسی دیکەش بۆ ئەورووپا ڕەوانە کران. گەورەیی ئەم کارەساتە لە ئاست مەرگەساتی ناکازاکی و هیرۆشیمادا بوو، کە ئەم دوو شارە کەوتنە بەر هێرشی چەکی ئەتۆمی.

لە یادمە لەو ساڵەدا کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی لە ئەردەن بەسترا و سەدام-یش تیایدا ئامادە بوو. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کە عێراق چەکی کیمیاوی لە دژی کورد بەکارنەهێناوە و ئەمە تەنیا پڕوپاگەندەیەکە لە لایەن کوردەوە دەکرێت و ئێرانیش لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەبووە. بەڵێ لوتکەی عەرەبی شایەتی ناڕەوایان بۆ سەددام-ی داپڵۆسێنەر دا. ئەمەش بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تێپەڕی و دەریخست کە ئەو بانگەشانەی دەکران لە بارەی مرۆڤدۆستی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری هەموو دروشمی بۆش و بەتاڵ بوون و هەموویان خراپبوونە خزمەت سیاسەتە ناڕاست و ناڕەواکانەوە، کەوابێت پێویستە چیتر کورد بە درۆی ئەو دەوڵەتانە فریو نەخوات و خۆی بە چارەسەرکردنی دەرد و نەخۆشییە ناوخۆییەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بکات، وەك:

١. خۆویستی و خۆپەرستی.
٢. حزبایەتیی ناڕێك و ناتەندروست.
٣. ناوچەگەریتی و تیرەگەریتی.
٤. گەندەڵی ئابووری و کارگێڕی.
٥. پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان و دەوڵەتانی دەرەوە.
٦. دامەزراندنی بێ بنەما و وەهمی، یان دوو مووچەیی و چەند مووچەیی.
٧. پێدانی زەوی بۆ مەبەستی موساتەحە لە بری ئەوەی بۆ پڕۆژەیەکی بەرهەمدار سوودی لێ وەربگیرێت، بۆ مەبەستی دیکە بەکار دەهێندرێت.
٨. چاوپۆشی لەگەندەڵکاران، یان هاوبەشیکردن لەگەڵیاندا.

کەوابێت ئەم گەندەڵییانە و تەخشان و پەخشانکردنی ئاشکرای داهات تۆمەتێکە و ڕووبەڕووی بەرپرسان دەبێتەوە. لە هەمانکاتدا دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە دوژمنەکانی کوردستان لە هەر چوار دەورمان زۆر بێویژدانانە کار دەکەن.

# عێراق بەرەو کوێ؟

## سیاسەتی هەڵەی عەبادی عێراقی گەیاندۆتە ئەم ڕۆژە



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەوڵاتێکی وەک عێراقدا پرۆسەی گۆڕانکاری بەم شێوەیە سەرناگرێت و، پێویستە ڕەچاوی پێکهاتەکان بکرێت، پارێزگاریی لە هاوتەریبی کۆمەڵگەیی بکرێت، ناکرێ پشت بە چەند پەرلەمانتارێک ببەسترێت، هەر چەندە ئەگەر ئەمەش وا بووبێت، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی بۆی هەیە کە دەست بەسەر هەموو دامەزراوەکاندا بگرێت لە سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە عێراقی تازەدا ئەم دەرهاویشتانە ڕەچاوکراون. هەر بۆیە ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو بژاردەداین، یان هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە دەنگدان لە دانیشتنێکی گشتیی سەرتاسەریدا، یاخود مانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەی دووەم زەحمەتە، بەڵام مەسەلەی لابردنی حەیدەرعەبادی ئەمەیان سەرکەوتووترین چارەسەرە، چونکە عەبادی بەو سیاسەتە ملهوڕییەی وڵاتی گەیاندە ئەو پاشاگەردانییە، پێموایە زۆرینەش قەناعەتی بەم چارەسەرە هەیە، لەم کاتەدا چاوەڕوانین کە چی لە ڕۆژانی داهاتوو ڕوودەدات، بەڵام گۆڕانکارییەکان لە عێراقدا زۆر خێران، هەرلەبەر ئەو خێراییەشە کە ناتوانین شرۆڤەیان بکەین.

ترسمان لەوە هەیە کە گەلی عێراق قەناعەتێکی تەواویان بەوە هەبێت کە شیعە ناتوانن وڵات بەڕێوەبەرن، چونکە دوای رووخانی سەدام تا بەمرۆ دەگات هیچ پێشکەوتنێك لە عێراق بەدی ناکرێت، ئاسایشەکەی شێواوەو ئابوورییەکەی داتەپیوەو دبلۆماسییەکەیشی شلۆقە، هەروەها پێوەندیی نێوان بەغداو هەولێریش گرژیی تێکەوتووە، ناکۆکییەکی توندیش لەنێوان هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعەدا هەیە، بەتایبەتیش لەنێوان رەوتی سەدرو لایەنگرانی نوری مالیکی، وێرای ناکۆکی نێوان شیعەو سوننەو نێوان عەرەب و کورد.. تاد، ئەم بێ سەروبەرییە بەردەوامە وڵات بەرەو داڕووخان و لێکهەڵوەشاندن دەبات، لەوەش گرنگتر ناکۆکیی سیاسی کە شۆڕبۆتەوە نێو کۆمەڵگە، ئەمە کارەساتەکەیە، لێگەڕێ با لاپەڕەکانی مێژوو هەڵنەدەینەوە، بەڵکو لەوەوە دەست پێدەکەم کە لە رۆژانی پێشتر روویدا، دوای ئەوەی بەڕێز عەبادی بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت کاندیدکرا وەك پاڵێوراوی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە، دواتر حکومەت پێکهێنرا، ئێمەی کوردیش بەشداریمان لە دەنگدانیدا نەکرد، چونکە کاری خۆمان یەکلایی نەکردبۆوە، بەڵکو داوای زەمانەتی راستەقینەمان کرد، چەند مەرج و ماوەیەکیشمان دیاریکرد بۆ جێبەجێکردنی داواکانمان، تاکو هەڵەکانی سەردەمی نوری مالیکی دووبارە نەبنەوە، لە راستیدا مەبەست لە پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتەکەی عەبادی لەگەڵ بەشداری نەکردنمان کۆتایی هێنان بوو بە قۆناخی مالیکی نەك پەراوێزخستنی کورد، چونکە چەند کەسایەتییەك دەست نیشانکران بۆ ئەوەی پشکی کورد لە حکومەت وەربگرن، ماوەکە تەواوبوو، رێککەوتن لە نێوان هەولێرو بەغدا کرا، چەندین سەردان لە نێوان هەردوولا ئەنجامدرا، ئومێدی ئەوە هەبوو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارەسەربکرێن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت کە عەبادی نایەوێت کێشەکان چارەسەربن، بەڵکو دەیەوێت زیاتر ئاڵۆزبن، ئەو پابەندی رێککەوتنەکە نەبوو، بودجەیشی نەنارد، هەروەها یارمەتیی هێزەکانی پێشمەرگەی نەدا لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکن لە دامەزراوەی بەرگریی فیدراڵی، هاوکات مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی نەدا، کەواتە بۆ شەقامی کوردی دەرکەوت کە پیلانێکی مەترسیدار دژی هەرێم لەئارادایە، بۆیە تەحەددیگەلێکی مەترسیدار بەرۆکی حکومەتی کوردستانیان گرت، شەڕی داعش، دابەزینی نرخی نەوت، ئاوارەکان، لەگەڵ ئەو تەحەددییەی کە بەردەوام بەرەو روومان دەبێتەوە، ئەویش تەحەددی گەندەڵکارانە کە سامانی گشتی بەهەدەر دەبەن و هەڕەشە لە ئابووری وڵات دەکەن، وا دیارە ئەو سەردانانەی کە شاندی هەرێم بۆ بەغدا دەیکات بێ سوودە، چونکە هیچ ئومێدێك بە شەقامی کوردستانی نابەخشێت.

● **کەواتە چی روویداوە؟**

پێموایە گەلی عێراق لەم دەموچاوە دووبارەبووانەی ناو حکومەت بێزار بووە، بۆیە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هۆی ئەو گەندەڵی و دواکەوتوویی و هەژاری و بێکارییە ئەم دەموچاوانەن، لەبەر ئەوە داوای گۆڕینی سەرتاسەری و دادگاییکردنی گەندەڵکاران دەکەن، ئەوانەی کە سامانی وڵاتیان بەتاڵان برد، خۆپیشاندانەکانی رۆژانی هەینیش هەر بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام بوون، گومانیشی تێدا نییە کە گەل مافی خۆیەتی خۆپیشاندان بکات و راپەڕێت و ئەمەش کارێکی دەستوورییە، لەبەر ئەوە ئێمە لە ئەنجومەنی نوێنەران بەکۆی دەنگ دەسەڵاتمان بە عەبادی دا تا چاکسازی ئەنجام بدات، لەمەشدا گەلی عێراق و مەرجەعییەتە باڵاکانیش پشتیگیرییان کرد، بەڵام عەبادی ئەو دەرفەتەی قۆستەوە، بۆیە یەکەم شت دەستی کرد بە لەناوبردنی نەیارەکانی، هەروەها ئەوانەی لەو بەهێزترن و لێیان دەترسا، ئەمەش داوای گەل نەبوو، عەبادی توانی ئەو دەسەڵاتە رەهایانە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا تاکڕەویی بکات، ئەمەش لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەرکەوت کە ئەو پیاوە چاکسازیی ناوێت، نایەوێت هیچ گەندەڵێك بداتە دادگا، گەلیش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بە راستی عەبادی چاکسازیی ناوێت، بەڵکو دەیەوێت کاتەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی و ئەوەی کە دەیەوێت بقۆزێتەوە، لەبەر ئەوە گەلی عێراق جارێکی دیکە راپەڕییەوە، بەڕێز موقتەدا سەدر دەرکەوت و هانی خەڵکەکەی دا دژ بە حکومەت و مۆڵەتێکی بۆ گۆڕانکاریی دایە حکومەت، خۆیشی حکومەتێکی تەکنۆکراتی پێکهێنا، بێ گومان عەبادی هەستی بە مەترسیی هەڵوێستەکە کرد، بۆیە دەستەیەکی پێکهێنا کە کەس ئەندامەکانی ئەو دەستەیە ناناسێت، ئەویش لەلای خۆیەوە حکومەتێکی تازەی تەکنۆکراتی پێکهێنا، بەڵام ئەو حکومەتە رەتکرایەوە، بەتایبەتیش لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە، چونکە ئێمە پێکهاتەی سەرەکین، کە پێویستە عەبادی وەك نەتەوەی دووەم مامەڵەمان لەگەڵدا بکات، رێگەش بە کەس نادەین کەسانێکی دیاریکراو لە کوردستانەوە هەڵبژێرێت تاکو پۆستیان لە حکومەت پێ بدرێت، لەبەر ئەوە نامەیەکمان بۆ عەبادی ناردو داوامان کرد کە پشکی کورد روون بکاتەوە کە

**ئەو سەردانانەی کە شاندی هەرێم بۆ بەغدا دەیکات بێ سوودە و هیچ ئومێدێک بە شەقامی کوردستانی نابەخشێت**

**بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت کە عەبادی نایەوێت کێشەکان چارەسەربن، بەڵکو دەیەوێت زیاتر ئاڵۆزبن، ئەو پابەندی رێککەوتنەکە نەبوو، بودجەیشی نەنارد، هەروەها یارمەتیی هێزەکانی پێشمەرگەی نەدا، کەواتە بۆ شەقامی کوردی دەرکەوت کە پیلانێکی مەترسیدار دژی هەرێم لەئارادایە**

**تەحەددیگەلێکی مەترسیدار بەرۆکی حکومەتی کوردستانیان گرتووە، شەڕی داعش، دابەزینی نرخی نەوت، ئاوارەکان، لەگەڵ ئەو تەحەددییەی کە بەردەوام بەرەو رووماندەبێتەوە، ئەویش تەحەددی گەندەڵکارانە کە سامانی گشتی بە هەدەر دەبەن و هەڕەشە لە ئابووریی وڵات دەکەن**

**ئێمە لە ئەنجومەنی نوێنەران بە کۆی دەنگ دەسەڵاتمان بە عەبادی دا تا چاکسازی ئەنجام بدات، بەڵام عەبادی ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و یەکەم شت دەستی کرد بە لەناوبردنی نەیارەکانی، ئەو توانی ئەو دەسەڵاتە رەهایانە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا تاکڕەوی بکات**

**حاکم زاملی لە فراکسیۆنەکەی سەدر لەبەردەم پەرلەمانتاران سوێندی خواردبوو کە بە هەر شێوەیەک بێت نەکشێتەوە، بەڵام کشانەوەی فراکسیۆنی ئەحرار کەمەرشکێن بوو بۆ مانگرتووان، بۆیە پێموایە ئەمە کۆتایی پەرلەمانتارە مانگرتووەکان بوو**

**دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆمار بەو ناوەی پارێزەری دەستوورە هاتە سەر خەت، ئەو پێشنیاری کرد دانیشتنێکی گشتی بکرێت بۆ قسەکردن دەربارەی دەست لەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام پەرلەمانتارانی مانگرتوو ئەو پێشنیارەیان رەتکردەوە**

ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە کە دەکاتە ٢٠٪، هەروەها ئەو وەزارەتانەی کە بە کورد دەدرێن، بەڵام ئەو وەڵامی نامەکەی ئێمەی نەدایەوە، بەڵکو داوای لێکردین کە کاندیدو سیڤییەکانیان رەوانە بکەین، ئێمەش لای خۆمانەوە ئەوەمان رەتکردەوە، چونکە ئەمە شەراکەت نییە، بەڵکو بەشداریکردنە، ئەمە رەفتاری تاکەکەسییە کە پرۆسەی سیاسی و شەراکەتی نیشتمانی لە عێراق لەباردەبات، گەورەترین هەڵەی عەبادی ئەوە بوو کە لەگەڵ کوتلە سیاسی و پەرلەمانییەکاندا گفتوگۆی نەکرد، بەڵکو تاکڕەوانە رەفتاری کرد و تەنیا تێبینی و سەرنجەکانی ئەندام و سەرکردەکانی حزبەکەی بەهەند وەرگرت، لەبەر ئەوەش بوو کە کابینەی یەکەم کابینەی حزبی دەعوە بوو، بۆیە شکستی هێناو و پشتگیریی بەدەست نەهێنا، کاتێکیش لە پێشکەشکردنی کابینەکەی شکست دێنێت و متمانەی پەرلەمان بەدەست ناهێنێت، ئەو کاتە حکومەت بە دەست لەکارکێشاوە دەژمێردرێت و سەرۆك کۆمار کاندیدێکی دیکە رادەسپێرێت، ئەم پرۆسەیەش کاتی دەوێت، بارودۆخی عێراقیش بەرگەی لەوە زیاتر ناگرێت، شەقامی عێراق گڕی گرتووە، لەبەر ئەوە ناچاربوو حکومەتێکی دیکە پێکبهێنێت کە لە ١٤ وەزیر پێکدێت، لەگەڵ مانەوەی پشکی کورد تا ئەو کاتەی کورد لەسەر دیاریکردنی کاندیدەکانی بۆ ئەو وەزارەتانەی بۆی دیاریکراوە، رێکدەکەوێت. ئەمە بە فشاری ئەمریکا بوو، کوردیش بەو پێشنیارە قایل بوو، بەڵام ئەو شتە سەرناگرێت چونکە شەقامی عێراق و حزبە سیاسییەکان بەم گۆڕانکارییە کەمە رازی نابن، کابینەکەش هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، لێپرسینەوەمان لە بەڕێز عەبادی کرد تاکو کابینەکەی رابگەیەنێت، کاتێ گەیشتە ناو هۆڵی پەرلەمان و وتارێکی خوێندەوە کە هیچ واتایەکی نەبوو، وتارەکە بریتی بوو لە تۆمەتبارکردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە گوایە هۆکارە لە دواخستنی کابینەکە، عەبادی زەرفێکی داخراوی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کارەساتەکە لەوەدا بوو کاتێ بەڕێز جبوری سەرۆك پەرلەمان نەیتوانی چۆن مامەڵە لەگەڵ عەبادیدا بکات، جبوری هیچ نووسراوێکی فەرمی لە عەبادییەوە پێ نەگەیشتبوو، زەرفەکەی نەکردەوە، مەبەستی راستەقینەی جبوری چارەسەرکردنی کێشەکان بوو بەر لەدەنگدان، چونکە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هێشتا رێك نەکەوتبوون، ئەگەر دەنگیشیان لەسەر کابینەکە بدایە پرۆسەی دەنگدانەکە و کابینەکەی عەبادیش شکستی دەهێناو بە دەست لەکارکێشاوە دادەنرا، هەر ئەوەش بوو کە جبوری ترسی لێی هەبوو، دیارە زۆرینەی پەرلەمانتارانیش عەبادییان بەدڵ نییە کە ئەو لەناخیدا رقی لە پەرلەمانتارانە، بۆیە پەرلمان بۆتە گەمەی دەستی عەبادی بەهۆی سیاسەتی جبوری و هەردوو جێگرەکەیەوە، ئەمەش وای لە پەرلەمانتاران کرد کە ئیمزا کۆبکەنەوە بۆ دەست لەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزترکرد ئەوە بوو کە جبوری دوای ئەوەی کابینە داخراوەکەی ناو زەرفەکەی وەرگرت کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەڵپەسارد، کە ئەمەش بەجارێك پەرلەمانتارانی تووڕەکرد، چونکە جبوری ئەو هەلەی لەدەستدا کە عەبادی بشکێنێتەوە کە هیچ کاتێك پەرلەمانتاران رێزیان لە حکومەتەکەی نەگرتووە، چونکە ئەو بە هەموو راشکاوییەکەوە دوژمنایەتیی پەرلەمانی کردووە.

با بگەڕێینەوە لای پەرلەمانتارانی مانگرتوو، ئەوانە لە چەند توێژێکی جیا پێکدێن، لە شیعەی مالیکی و سوننەی مالیکی و فراکسیۆنی سەدر و هەندێ لەوانەی بۆ وەزیریی پاڵێوراوبوون و دواتر دوورخرانەوە، هەروەها لە تورکمان و لەکوردیش پەرلەمانتارێکی ئافرەت لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێکی دیکەش لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بەڵام ئەوانە ژمارەیان کەم بوو، کۆبووبوونەوە و دانیشتنێکیان ئەنجامدابوو و دەستەی سەرۆکایەتییان لابردبوو، بەڵام لە ژمارەی پەرلەمانتارانی ناو دانیشتنەکە جیاوازیی هەبوو، هەندێ لە پەرلەمانتارانی مانگرتوو پێیان وابوو کە نیسابەکە تەواو بوو، بەڵام فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت کە نیسابەکە تەواو نەبوو کە ژمارەیان ١٣١ ئەندامە کە دەبوایە ١٦٥ بێت.

دانیشتنی یەکەم تەواوبوو هەرچەندە ناکۆکیش هەبوو، ئێمە لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراکسیۆنی بەدرو مواتین و هەندێ پەرلەمانتاری حزبی دەعوە و یەکێتیی هێزەکان بەشداریمان تێدا نەکرد لەبەر ئەوەی نایاسایی بوو، پەرلەمانتارانی مانگرتوو سووربوون لەسەر ئەوەی کە دانیشتنێکی دیکە ئەنجام بدرێت بۆ کردنەوەی دەرگای خۆکاندیدکردن، بەڵام لەناکاو دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆمار بەو ناوەی پارێزەری دەستوورە هاتە سەر خەت، ئەو پێشنیاری کرد دانیشتنێکی گشتی بکرێت بۆ قسەکردن دەربارەی دەست لەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام پەرلەمانتارانی مانگرتوو ئەو پێشنیارەیان رەتکردەوە، ئێمە لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە چەند فراکسیۆنێکی دیکە کە رایان لەگەڵ ئێمەدا بوو بڕیارمان دا بەشداری لە دەنگدان لەسەر پێشنیارەکەی سەرۆك کۆمار بکەین، بڕیارمان دا بچینە ژوورەوە،




هەندێکمان چووینە ژوورەوەو هەندێکی دیکەمان لای دەرگا ماینەوە، نیسابەکە تەواوبوو، ڕێگەیان نەدا گفتوگۆ لەسەر پێشنیارەکەی سەرۆك کۆمار بکرێت، بەو ژمارە تەواوکەرەی نیسابەکە سەرلەنوێ دەنگیان بۆ دەست لەکار کێشانەوە دا، دەرگای خۆکاندیدکردنیان کردەوە و دانیشتنەکەیان هەڵپەسارد لەگەڵ مانەوە لەسەر کرانەوە، لێرەدا دەرکەوت کە پەرلەمانتارانی مانگرتوو نیسابیان بە ئێمە تەواوکرد، واتا فێڵیان لێ کردین، بۆیە فراکسیۆنە کوردستانییەکان و یەکێتیی هێزەکان بڕیارمان دا بکشێینەوە، دواتر ئەنجومەنی باڵا و بەدریش بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوە گەڕاینەوە کوردستان تا ئەو کاتەی شەرعییەت دەگەڕێتەوە، ئێمە داکۆکیمان لە کەسەکان نەکردووە، دیارە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان زۆر لاواز بوو، بەڵام ئێمە ڕێگەمان بەو پەرلەمانتارە مانگرتووانە نەدا کە لەو پڕۆژە مەترسیدارەیان سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە ئەگەر لەمەدا سەرکەوتبانایە، ڕەنگە گۆڕانکاریی مەترسیداری دیکەیان بکردایە، کە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقیان پەراوێز بخستایە.

پەرلەمانتارانی مانگرتوو هەر سووربوون لەسەر ئەنجامدانی دانیشتن لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢١-٤-٢٠١٦، ئەمە ڕوویدا، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە پەرلەمانتارەکانی ئەو لە فراکسیۆنی ئەحرار بکشێنەوە، چونکە ئەوان زۆرینەی ژمارەی پەرلەمانتارە مانگرتووەکان پێکدێنن، حاکم زاملی لە فراکسیۆنەکەی سەدر لەبەردەم پەرلەمانتاران سوێندی خواردبوو کە بە هەر شێوەیەك بێت نەکشێتەوە، بەڵام کشانەوەی فراکسیۆنی ئەحرار کەمەرشکێن بوو بۆ مانگرتووان، بۆیە پێموایە ئەمە کۆتایی پەرلەمانتارە مانگرتووەکان بوو، بێگومان پرۆسەی گۆڕین بەم شێوەیە سەرناگرێت لە وڵاتێکی وەك عێراقدا، پێویستە ڕەچاوی پێکهاتەکان بکرێت، پارێزگاریی لە هاوتەریبی کۆمەڵگەیی بکرێت، ناکرێ پشت بە چەند پەرلەمانتارێك ببەسترێت، هەر چەندە ئەگەر ئەمەش وا بوویێت، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی بۆی هەیە کە دەست بەسەر هەموو دامەزراوەکاندا بگرێت لە سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە عێراقی تازەدا ئەم دەرهاویشتانە ڕەچاوکراون.

ئێمە لەبەردەم دوو بژاردەداین، یان هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە دەنگدان لە دانیشتنێکی گشتیی سەرتاسەریدا، یاخود مانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەی دووەم زەحمەتە، بەڵام مەسەلەی لابردنی بەڕێز عەبادی ئەمەیان سەرکەوتووترین چارەسەرە، چونکە عەبادی بەو سیاسەتە ملهوڕییەی وڵاتی گەیاندە ئەو پاشاگەردانییە، پێموایە کە زۆرینە قەناعەتی بەم چارەسەرە هەیە، بەڵام چاوەڕوانین کە چی لە ڕۆژانی داهاتوو ڕوودەدات، چونکە گۆڕانکارییەکان لە عێراق زۆر خێران، هەرلەبەر ئەو خێراییەشە کە ناتوانین شرۆڤەیان بکەین.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ئێمە لەبەردەم دوو بژاردەداین، یان هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە دەنگدان لە دانیشتنێکی گشتیی سەرتاسەریدا، یاخود مانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەی دووەم زەحمەتە، بەڵام مەسەلەی لابردنی بەڕێز عەبادی ئەمەیان سەرکەوتووترین چارەسەرە**



**زاکاری هیرن بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری مێژوودا لە زانکۆی یۆتا بەدەستهێناوە و لە ئێستاشدا وانەبێژە لە بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیراساتی ئیسلامی لە بەشی مێژووی زانکۆی ئیداهۆ، پێشتریش لە زانکۆی ویلایەتی مورای وانەبێژ و بەڕێوەبەری دیراساتی ئایینی بووە. بۆ شیکردنەوەی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری ململانێی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننە و ڕۆڵی ئێران لەم ناوچەیە و پرسی گۆڕانی سنووری دەوڵەتانی ناوچەکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشی لە بۆچوونەکانی کرد.**

## زاکاری هیرن پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# شکستی سیاسی و ناسەقامگیری سیاسی زەمینەی گەشەگردنی تیرۆر و توندڕەوی دەڕەخسێنن

*** ئێستا هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی باس لە تێکشکاندن و نەمانی داعش دەکەن، بەڵام هەموویان ئەم ستراتیژییەیان لە شاڵاوی سەربازی چڕکردۆتەوە، بەبێ ئەوەی ئامانجی سیاسی و دیاریان هەبێت، ئایا ئەگەر ستراتیژیەتی دژەتیرۆر تەنیا بریتی بێت لە شاڵاوی سەربازی و ئامانجی سیاسی و ڕاشکاوانەی لە پشتەوە نەبێت، دەبێت ئاکامەکەی چۆن بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بە تەنیا ناتوانن کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوو بەرهەم بهێنن. ئاسایش تەنیا پێداویستییەکە کە دەبێت دەستەبەربکرێت هاوشان بە دەستەبەرکردنی پەروەردە و پەرەپێدانی ئابووری و سیستمی دادپەروەری و.. تاد. لەبەر ئەوە ئەو مشت و مڕە زۆر گرنگە کە دەکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا دەبێت ئەمەریکا تا چ ڕاددەیەك لەو بوارانەدا بەشدار بێت.

*** ئاشکرایە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە شکستی پرۆسەی سیاسی عێراق و وەڵامدانەوەی دڕندانەی بەشار ئەسەد سەرچاوەی گرتووە، وەك هەموو لایەك دەبینین بەپێی ڕێککەوتنی جنێڤ٣ بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دوورناخرێتەوە، هەروەها لە عێراقیشدا شیعە باڵادەستە و سوننە پەراوێزخراوە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر هۆکاری دروستبوونی داعش شکستی پرۆسەی سیاسی بوویێت، ئایا بەردەوام ئەم شکستە سیاسییە داعشێکی دیکە دروست ناکات؟**

- ئەگەرچی کەس ناتوانێت پێشبینی ئایندە بکات، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لە سیاقی ناسەقامگیری سیاسیدا ئەگەری گەشەکردنی گروپگەلی هاوشێوەی داعش زیاتر دێتەئاراوە، واتە شکستی زیاتری سیاسی تەنیا دەبێتە هۆی درێژەپێدانی بارودۆخەکە کە ئەگەری گەشەکردنی گروپە توندڕەوەکانی هاوشێوەی داعش زیاتر دەکەن.

*** ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش نییە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم شەڕەدا و بە تەواوەتی عێراق و سووریای کرۆدتە پاشکۆی خۆی و ڕاستەوخۆ هێزی سەربازی ئێران**

**لە بەغدا و دیمەشق بوونیان هەیە و بەرگری لە ڕژێمی عەلەوی ئەسەد دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم باڵادەستییەی ئێران لە عێراق و سووریا، هەردوو وڵاتەکە ناکاتە لوبنان و حزبوڵایەکی دیکە؟**

- ئاشکرایە کە ئێران لە سووریا و عێراقدا دەستڕۆیشتووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کۆمەڵگەی شیعەوە لە جیهاندا. تەنیا کات ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە ئایا میلیشیایەکی بەهێزی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە بە چەشنی حزبوڵا لە یەکێك لەو دوو سیاقەدا گەشە دەکات، یان نا. پێدەچێت شیعەکانی عێراق پتر پەیوەست بن بە دامەزراوەی شیعەوە لە نەجەف، نەك قوم. هەروەها گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەگەر بەراوردیان بکەین بە شیعەکانی عێراق، ئەوا شیعەکانی لوبنان پێکهاتەیەکی زۆر بچوکترن لە چاو دانیشتوانی وڵاتەکەدا.

*** لە ئێستادا سوپای عێراق توانای ئازادکردنی یەك گوندی نییە، ئەوەی هەیە هێزەکانی میلیشیای حەشدی شەعبی-یە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە ئاڕاستە دەکرێن، هەر شەڕێکیش حەشدی شەعبی بیکات، کارەساتێکی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، هەروەك ئەو کارەساتە مرۆییەی دوای ئازادکردنی ڕومادی دروست بوو. پرسیار ئەوەیە ئەگەر عێراق ئەم سوپایەی نەبێت کە بتوانێت خاکەکەی بپارێزێت و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بکات، ئایا میلیشیای شیعە نابنە سەرچاوەی کۆمەڵکوژی و دەربەدەری عەرەبی سوننە و مەترسیی بۆ سەر کورد؟**

- من ناتوانم پێشبینی داهاتوو بکەم، بەڵام پێدەچێت لۆجیکی بێت کە میلیشایەکی تایفەگەری بە شێوەیەکی سروشتی نوێنەرایەتی بەشێکی بچووکی دانیشتووانی وڵاتەکە بکات، نەك نوێنەرایەتی سوپایەکی نیشتمانی. هەمیشە سوپا نیشتمانییەکان لە پێکهاتە هەمەچەشنەکانی وڵاتەکانیان پێکنایەن. بە دەربڕینێکی دیکە، زەمانەتی ئەوە لە ئارادایە نییە ئەندامێتی لە سوپایەکی نیشتمانیدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بێت.

*** هەندێك لە پسپۆڕان وای دەبینن کە لە ناو سنووری جوگرافی ئێستای سووریا و عێراقدا کێشەکان چارەسەر نابن و کاتی ئەوەیە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا واز لەو سنوورە دەستکردانەی سایکس-پیکۆ بهێنن و ڕێگەخۆش بکەن بۆ ئەوەی نەخشەیەکی تازە لەسەر بنەمای خواستی گەلانی ناوچەکە دابڕێژرێتەوە، ئایا ئەگەر سنوورە کۆنەکان وەك خۆیان بمێننەوە جارێکی دیکە ئاشتی و سەقامگیری لەم ناوچەیەدا بونیاد دەنرێتەوە؟**

- هەموو سنوورە نەتەوەییەکانی ناوچەکە دەستکردن و بە تێپەڕبوونی سەدەیەك، هێشتا سنوورەکانی سایکس-پیکۆ کەوتوونەتە ژێر گومانەوە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو سنوورانە سنورگەلێکی تەواو گرفتئامێزن، بەتایبەتی لە ڕوانگەی زۆرێك لە عێراقییەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زەمانەتی ئەوە نییە کە گۆڕانی سنوورەکان گەشەکردنێکی زیاتر بهێنێتەبەرهەم. تەنیا دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەین کە گۆڕانی سنوورەکان لە ڕێی چارەسەرێکی ئاشتییانەوە بەدی بێت.

*** کورد لە عێراقدا، ئێستا هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بەغدا نەماوە، دەسەڵاتدارانی شیعە بودجەی کوردستانیان بڕیوە، یەك سەربازی عێراق لە کوردستان بوونی نییە و تەنیا پێشمەرگە سنوورەکانی کوردستان دەپارێزێت، لە هەفتەی ڕابردووشدا سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی لە میانەی ڕاگەیاندنی کابینە تەکنۆکراتەکەی، حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی نەهێشت و ئەو حکومەتەی بە نیازە پێکبهێنرێت، حکومەتێکی دیکتاتۆری شیعە دەبێت، ئایا لەم کاتەدا بێجگە لە سەربەخۆیی هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم کورد ماوەتەوە؟**

- ناسیۆنالیزمێك کە لە سەر نالێبووردەیی ئیتنی، یان ئایینی بنیادنرابێت ڕێگایەك نییە بۆ بەرەوپێشچوون. لە ڕووی مێژووییەوە لە بنەڕەتدا ناسنامە نەتەوەییەکان کە ڕەگ و ڕیشەیان لە پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکاندا هەیە، کێشەیان بۆ ئەو خەڵکانە دروست کردووە کە سەر بە گروپە ئایینی، یان ئیتنییە باڵادەستەکە نین. جیهان لە نێویاندا عێراق، سوودێکی زۆر لە پیادەکردنی فرەکەلتووری و لێبووردەیی و بنیادنانی سیستمی پەروەردە و دادپەوەری وەردەگرن کە خزمەت بە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە دەکات. لە کۆتاییدا، سەربەخۆبوونی کوردستان، پرسێکە دەبێت لەلایەن خەڵکی هەرێمەکەوە بڕیاری لەبارەوە بدرێت.

*** مەترسیی داعش ئەوەیە خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندووە، ئەگەر داعش تێکبشکێنرێت و لە جێی داعش دەوڵەتی ئیسلامی شیعە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئێران لە عێراق و سووریا دابمەزرێت، ئایا جیاوازی دەوڵەتی ئیسلامی سوننە و دەوڵەتی ئیسلامی شیعە چییە؟**

- ئاشکرایە تێکەڵکردنی نالێبووردەیی ئایینی بە سیاسەت مایەی مەترسییە بۆ ئەو کەسانەی دەکرێنە ئامانجی نالێبووردەییەکە. واتە دامەزراندنی دەوڵەتێك لە سەر بنەمای تاکە ناسنامەیەکی تایفەگەری زۆر مەترسیدارە، ئیدی گرنگ نیە ئەو دەوڵەتە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتی سوننە، شیعە، کاسۆلیکیەت، یان پرۆتستانتیزم دەکات. هەروەك لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، سووریا و عێراق لە دۆخێکی باشتردا دەبن، ئەگەر پەرە بە سیستمەکانی پەروەردە و دادپەروەری و حوکمڕانی بدەن بە چەشنێك کە سەرجەم هاووڵاتیانی وڵاتەکە لەخۆ بگرێت.

**تێکەڵکردنی نالێبووردەیی ئایینی بە سیاسەت مایەی مەترسییە بۆ ئەو کەسانەی دەکرێنە ئامانجی نالێوردەییەکە. واتە دامەزراندنی دەوڵەتێك لە سەر بنەمای تاکە ناسنامەیەکی تایفەگەری زۆر مەترسیدارە، ئیدی گرنگ نیە ئەو دەوڵەتە بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتی سوننە، شیعە، کاسۆلیکیەت، یان پرۆتستانتیزم دەکات**

**لە ڕووی مێژووییەوە لە بنەڕەتدا ناسنامە نەتەوەییەکان کە ڕەگ و ڕیشەیان لە پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکاندا هەیە، کێشەیان بۆ ئەو خەڵکانە دروست کردووە کە سەر بە گروپە ئایینی، یان ئیتنییە باڵادەستەکە نین**

**تەنیا کات ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە ئایا میلیشیایەکی بەهێزی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە بە چەشنی حزبوڵا لە یەکێك لەو دوو سیاقەدا گەشە دەکات، یان نا. پێدەچێت شیعەکانی عێراق پتر پەیوەست بن بە دامەزراوەی شیعەوە لە نەجەف، نەک قوم**

# ئاڵۆزییەکانی عێراق و پرسی کوردستان



عەبدولڕەحمان کەریم دەرویش*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ماوەیەکی نزیکدا دوای راگەیاندنی پرۆسەی چاکسازی لەلایەن عەبادی-ـەوە ئاڵۆزییەکانی ناو عێراق تووشی تەنگەژەیەکی مەترسیدار بۆتەوە و تاوەکو ئێستا لە ناو تونێلێکی تاریکدا دەچەقێت. هەندێك کەس پێیانوایە ئەمە قەیرانێکە و تێپەڕ دەبێت، هەندێکیش پێیانوایە رەنگدانەوەی قەیرانێکی بەردەوامی عێراقە کە هەمیشە هەر وەهایی بووە، بەڵام شیکردنەوەی خێرا لە بونیادی هزری سیاسیی لایەنە سیاسییەکانی عێراق مچوورکەیەك لە ناو جستەمان دروست دەکات و زللەیەکی بەئاگاکردنەوەمان لێ دەدات و هانمان دەدات بۆ بیرکردنەوە لە پرسی کوردستان بۆ ئەوەی خێراتر لەوەی کار دەکرێت، کار بکەین.

ئەم بابەتە لە گرنگترین بنەما هزرییەکانی عێراق و کاریگەریان لە سەر پرسی کوردستان دەکۆڵێتەوە و لە دووتۆیدا چەندین ئاماژە هەڵدەگرێت بۆ هەنگاونان بەرەو خۆپاراستن لە ئاگری عێراق.

## ● یەکەم: کورد و عێراق

بوونی کورد لە عێراقدا ئاماژەیە بە بوونێکی ئاڵۆز وتراژیدیایی مێژوویەکی پڕ لە دوالیزمی تێگەیشتن لە راستی و دروستی ئەم بوونە و ئاراستەکانی داهاتووی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە سەدەیەکە ئەو پێوەندییە لە چەندین رووەوە دەنەخشێنرێت، لەبەر ئەوەی کاریگەری کارتێکەرەکانی ئێجگار ئاڵۆز بوون، بۆیە پێویست دەکات زۆر بە وردی کار بکرێت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری جیاکردنەوەی و نابێت ئەو دەرفەتە لەدەست بدەین، چونکە عێراق بەپێی بنەمای سیاسەتی توانەوە و ئیحتواکردن جگە لە پارە و داهات و خاك و کەلتوور و مێژوو، ئاوات و خەونی کورد و بەشێك لە داهاتووشمانی بردووە، بۆیە دەبێ هیچیان لەبیر نەکەین و هەموویان بگەڕێنینەوە. هەموویان بە چاوبە گریان چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ وڵاتی خۆیان، لە راستیشدا ئەمە ئاگاییەکی نیشتمانپەروەرانەی دەوێت لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە یەکڕیزی و نەبردیی مەردانی دەوێت.

بەداخەوە هەندێ کەس هەن تاوەکو ئێستا خەونەکانیان لە بەغدایە، بۆیە هەمیشە دەچنە بەغدا، ئەمەش دەرحەق بە کوردستان کارەساتە. کوردستانی رقی لە بەغدا نییە، بەڵکو دەیەوێ کوردستان پایتەختێکی هەبێت و هاوشانی بەغدا بێت، ئەویش هەولێرە، کە دەکرێ شان بە شان لەگەڵ بەغدا وەك دوو پایتەخت بدوێن و دانوستان بکەن. واتە دەبێ کوردستان کوردستان بێت و عێراقیش عێراق بێت.

## ● کورد چی لە بەغدا دەوێت؟

کورد لە بەغدا مافی خۆی دەوێت، ئەو بەشە دزراوەی خاکەکەی، داهات و ئاواتەکەی ئێسك و پرووسکی ئینسانەکەی، بەشێك لە هاووڵاتیانی و مێژوو و کەلتووره خوراوەکەی و.. تاد، سەرەڕای ئازاری سەدەیەك، هێشتا برایەتیشی لێ دەوێ.. ئەمە مەتلەبی کوردی کوردپەروەر وشەریفە، بەڵام بەداخەوە هەندێك بەناو کورد هەن دەسەڵات و توانایان بۆ بەغدا دەوێ، بۆ ئەوەی بەردەوام ململانێمان بکەن و کوردستان کاول بکەن و خاکمان داگیر و دابەش و تەعریب بکەن، خۆشیان وەك سەرسەری و چەقۆوەشێن بە سەر میللەتدا دەسپێنن و دەیانەوێ ببنە دارودەستەی نەیار

و بە شان و شەوکەتیدا بنازن، ئینجا بۆ ئەم مەبەستەش زۆر دروشم بەکاردێنن کە هەرگیز نە لەگەڵ ڕەفتاریان دەگونجێت، نە لەگەڵ جۆری ئەو هاوپەیمانییە دەگونجێت کە ئەنجامیان داوە.

## ● عێراق چی لە کورد دەوێت؟

لەو کاتەوە عێراق هەیە، داواکاری ڕوون ئاشکرای عێراق لە کورد ئەوە بووە کە دەبێ خزمەت بکەن و عێراق بە گیانتان بپارێزن، بە بێ ئەوەی داوای هیچ بکەن، بە ملشۆڕی دەبێ پلەی دووەم قبووڵ بکەن. کوردیان بەکارهێنا لە هەموو شتێك، لە ململانێی ناوخۆیی خۆیان، لە پارەی کورد هەموو عەرەبی دنیا سوودی بینی، ئەو بودجە کەمەی کە لە عێراق دانرابوو بۆ ناوچەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٣ لێی پەشیمان بوونەوە و دایان بە ئیمارات تاوەکو دوبەی پێ دروست بکەن. کورد لە هەموو جەنگەکانی عەرەبدا بەشداری کرد و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە شارەکانی عێراق خوێنی کورد دەڕژێت بۆ خاتری عێراق و عێراقییەکان، بەڵام حکومەتی عێراق هێشتا جگە لە داواکردنی کڕنۆش بردنی کوردان، هیچی دیکەیان پێ ڕەوا نابینێت. عێراق دان بە هیچ یەك لەو تاوانانەدا نانێت کە بەرامبەر بە کورد کردوویەتی، نە دزینی خاك و کۆکوژیی مرۆڤەکانی، نە دزینی داهات و کەلتوورەکەی. حکومەتی ئێستای عێراقیش خۆی بەری دەکات لەو تاوانانەی کە ئەنجام دراون و ڕێگاش نادات کورد تەنانەت ڕوفاتی شەهیدەکانیشی بباتەوە. عێراقییەکان پێیان خۆشە وەك ئیستعمار مامەڵە لەگەڵ کوردی ئیستعمارکراو بکەن.

## ● بونیادی هزری سیاسی لە عێراق

لە عێراق چەندین هزری سیاسی و ڕێچکەیی هەن کە لە ناو هەناوی کۆمەڵگەی عێراقیدا ریشەیان داکوتاوە، ئەم بونیادە هزرییانە بە چەند ئاراستەیەك پۆلێن دەکرێن.

### ئاراستەی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی شیعی:

ئەم ئاراستەیە ئێستا بە ڕابەرایەتی حزبی دەعوە کار دەکات و چەندین فێرژنی جیاجیای تیادا هەیە، بەڵام کۆکن لەسەر دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامی شیعی مەرکەزی کە کار بکات بۆ ئاواتێکی هەرێمی گەورەتر لە سنووری ئێستای عێراق و نۆماتیقی فەلسەفی ئەم ڕەوتە عێراق دەخاتە ناو جەمسەری دژ بە ئەوانەی کە دژی پرۆژی ئاراستەی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی شیعەن، بەگشتی ئەم ئاراستەیە هەست بە تێڕوانینی ئەرێنی ناکات بەرامبەر کورد و بگرە بۆ لەناوبردنی کوردستانیش لە ڕێگای پەرتکردن کاردەکات و تەنانەت لەناوبردنی سەربازیش بەکار دەهێنێت، ئەگەر تونای هەبێت. مالیکی یەکێك بوو لە بەرجەستەکارانی ئەم ڕەوتە. شایەنی باسە پرسی کورد خاڵی هاوبەشی بەعسییەکان و دەعوەییەکانە، بۆیە مالیکی هاوپەیمانی لەگەڵیان بەست بۆ لێدانی کوردستان.

عەبادی هەمان ئاراستە جێبەجێ دەکات، بۆیە هەوڵدەدات دیسان هەموو دەسەڵاتەکانی عێراق لە دەستی حزبی دەعوە کۆبکاتەوە، ئەویش لە ژێر دروشمی چاکسازی. کە ئەمەش ئیشکالیەتی بۆ ناوماڵی شیعی دروست کردووە، بەتایبەت سەدرییەکان ومەجلیسییەکان.

حەشدی شەعبی بە زۆری میلیشیای سەر بە ئەم ئاراستەیەن، بەتایبەت ئەو هێزانەی لە ناو فولکی حزبی دەعوە دەسووڕێنەوە، بۆیە زۆر بە توندی بەرامبەر بە کورد دەردەکەون.

ئەم ئاراستەیە سیاسەتی داڕێژراوی هەیە بۆ دەستێوەردان لە ناو کوردستان و دروستکردنی پەرتەوازەیی و ململانێ لە نێوان کوردستانییەکاندا، تاوەکو ڕادەیەکیش شوێندەستی دیارە.

عەبادی سیاسەتەکانی مالکی جێبەجێ دەکات و سازش لە سەر پرسی کورد ناکات و ئەگەر ئەم هەنگاوەی کە ناویان ناوە چاکسازی، بۆیان لوا، ئەوە عەبادی دەموچاوی دڕندەیی خۆی پێشانی کوردستان دەدات.

حزبی دەعوە کار دەکات لەگەڵ چەندین حزب و لایەنی کوردی بۆ دروستکردنی هێزێکی کوردی سەربەخۆیان، کە وەك حزبە کارتۆنییەکانی سەردەمی بەعس بۆ بەرژەوەندی حزبی دەعوە ڕای گشتی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن، لەسەر کەسایەتیش کار دەکات، بەتایبەت یەککگرتووەکان بۆ ئەوەی ...

### ئاراستەی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی سونی

ئەم ئاراستەیە مێژوویەکی دڕندەی بەرامبەر بە کورد هەیە و تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دوو ئاراستە بوون، یەکێکیان عەلمانی بوو، ئەوەی تریش ئیسلامی بوو، بەڵام دواتر هەموویان لە ژێر چەتری ئیسلامی بوون کۆبوونەوە لەگەڵ مانەوەی چەندین تایبەتمەندی لایەنە جیاجیاکانیان، تاوەکو ئێستاش تێڕوانینێکی ئەرێنییان بەرامبەر بە کورد نییە و بەشێکی زۆری خاکی کوردستان کە دزراوە لەسەر عەرەبی سوننە دابەش کراوە، چەندین جار دەستیان هەبووە لە ئەنفال کردنی کورد و ئەنجامدانی چەندین کارەساتی گەورە دەرحەق بە کوردستان. ئێستا ئەم ئاراستەیە تووشی گرفتێکی گەورە بۆتەوە لە ناوخۆی خۆیان و لەگەڵ ئاراستەی شیعەکانیشدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەڵوێستیان بەرامبەر کوردستان ئەرێنی نەبووە. ئێستا ڕووبەڕووی سیاسەتی عەبادی دەبنەوە و بە پشتوانی چەندین هێزی هەرێمی هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی خۆیان دەدەن. ئەم ئاراستەیە هەوڵدەدات

**هەموو عەرەبی دنیا سوودی بینی، ئەو بودجە کەمەی کە لە عێراق دانرابوو بۆ ناوچەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٣ لێی پەشیمان بوونەوە و دایان بە ئیمارات تاوەکو دوبەی پێ دروست بکەن**

**کوردان نابێت وەک سوننە و شیعە بیر بکەنەوە. ئەوان پشتیوانی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە، بەڵام کورد لە خۆی زیاتر کەسی نییە، بۆیە ناکرێت تەنیا لە کاتی مەترسی و جەنگدا کە پەنجە دەنێتە قورگیان، ئینجا بڵێن: ئێمە یەک دەستین، بەڵکو دەبێ هەمیشە یەکڕیز و وریا بن**

**کورد کاتێک چوو بۆ بەغدا ئاواتێکی دیکەی هەبوو، بەڵام جێبەجێ نەبوو، لەبەر یەک هۆکاری سەرەکی ئەویش لاوازیی ڕۆڵ و کەسایەتی نوێنەرانی کورد بوو لە بەغدا و ئەم لاوازی و پاشگرییە کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، بۆ ناکۆکی و ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە**

هێزی تۆتالیتاری و پاوانخوازی عروبی و ئیسلامی و گێرەشێوێنەکان هەرگیز پەرلەمان وەک ئامانجی دیموکراسی هەژمار ناکەن، بەڵکو ئامرازە لایان بۆ ئەوەی ململانێیەکان بەڕێوەبەرن دژی ئەوانی دیکە و بۆ هەوڵی سەپاندنی خۆیانە

لە بەغدا پەرلەمان وەک دامەزراوەی سەرەکی بۆ شەرعییەتی تەکامولی و دینامیکی بۆ کاری دامەزراوەکانی دیکە ناناسن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەک ئامرازێک دەیناسن بۆ پەکخستنی دامەزراوە نیشتمانییەکانی دیکە، بە مانایەکی دیکە دیموکراسی بەکاردەهێنن بۆ رووخاندنی دیموکراسی

زۆر لایەن وتەوژمی جۆراوجۆر هەن، دژی پرۆسەی دامەزراندنی پەرلەمانی عێراقن، پەرلەمانیش بە شێوەیەکی ئێجگار ترسناک سواوەتەوە و بە هۆی سیاسەتی چەوتی پەرلەمانتارەکان لای عێراقییەکان رێز وحورمەتێک بۆ پەرلەمان نەماوە و تەنیا بە هێزی دەوڵەت و دەسەڵاتی جێبەجێکار ماوەتەوە

لەگەڵ چەندین لایەنی کوردی هاوپەیمانی ببەستێت و دیارە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و تاوەکو ئێستا هێزە ئیسلامییە رادیکاڵییەکان پاڵێوراون بۆ ئەم هاوپەیمانییە.

**● ئیشکالییەتی چاکسازی و مانگرتنی پەرلەمان**

عەبادی و هێزە شیعیەکان لە ژێر ناونیشانی چاکسازی، خۆیان رێکدەخەنەوە و لە میانی ئەم هەوڵەش ناکۆکییان تێ کەوتووە، بەڵام زۆر بە خێرایی خۆیان کۆ دەکەنەوە. گرنگترین ئەنجامی کارەکانیان ئەوەیە ناوچەکانیان تا رادەیەك لە ململانێ دوور خستۆتەوە و بەرپرسیارێتییان لەسەر خۆیان لابردووە بە تێکدانی پرسی ئاراستەی سەرەکیی شیعەکان کە بە جۆرێکە نازانرێت لای مەرجەعەکانە، یان لای حزبی دەعوە و سەدر و بەدر-ییەکانە، یان لای حەشدی شەعبی ـە، سوننەکانیش بە هەمان شێوە مەرجەعییەتی بەرپرسیارێتی خۆیان ون کردووە و لە هەمان کاتدا دەیانەوێت خۆیان کۆبکەنەوە و دیسان پرسی ناوخۆیان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ شیعە یەکلا بکەنەوە. ئەمەی لە پەرلەمانی عێراق روو دەدات، شەنگی ئاراستە سەرەکییەکانی عێراقە و هەر یەکەو بۆ جێبەجێکردنی ئەجینداکەی خۆی کاردەکات کە بە تەواوی دژی ئەجیندای ئەوی دیکەیە، هەردوو لایەنەکەش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ جەولەیەکی دیکەی ململانێ، ئینجا ئەگەر هەر کەسێك موتابەعە بکات، بۆی دەرەکەوێت کە هەردوو لا زۆر بێباکن لە کورد، چونکە هەریەك لە ئەوان حیسابی لەگەڵ کورد ماوە و بە جیا، یان بە هاوپەیمانی لە نێوان خۆیان ئەو حیسابە یەکلا دەکەنەوە.

**● ئیشکالییەتی پەرلەمان لە عێراق**

زۆر لایەن وتەوژمی جۆراوجۆر هەن، دژی پرۆسەی دامەزراندنی پەرلەمانی عێراقن، پەرلەمانیش بە شێوەیەکی ئێجگار ترسناك سواوەتەوە و بە هۆی سیاسەتی چەوتی پەرلەمانتارەکان لای عێراقییەکان رێز وحورمەتێك بۆ پەرلەمان نەماوە و تەنیا بە هێزی دەوڵەت و دەسەڵاتی جێبەجێکار ماوەتەوە، ئەگینا هیچ عێراقییەك دڵی بە پەرلەمان خۆش نییە و دەزانن دامەزراوەیەکی باش نییە. ئەگەرچی ئەم قەناعەتەی کە دروست بوو رەنگە کاریگەری دروست بکات لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی، بەڵام ئەوە دەردەخات کە هێزی تۆتالیتاری و پاوانخوازی عروبی و ئیسلامی و گێرەشێوێنەکان هەرگیز پەرلەمان وەك ئامانجی دیموکراسی هەژمار ناکەن، بەڵکو ئامرازە لایان بۆ ئەوەی ململانێیەکان بەڕێوەبەرن دژی ئەوانی دیکە و بۆ هەوڵی سەپاندنی خۆیانە. واتە لە بەغدا پەرلەمان وەك دامەزراوەی سەرەکی بۆ شەرعییەتی تەکامولی و دینامیکی بۆ کاری دامەزراوەکانی دیکە ناناسن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەك ئامرازێك دەیناسن بۆ پەکخستنی دامەزراوە نیشتمانییەکانی دیکە، بە مانایەکی دیکە دیموکراسی بەکاردەهێنن بۆ رووخاندنی دیموکراسی. ئەگەرچی هەموو لایەنەکان کاتێك دەیانەوێت جێگای خۆیان بکەنەوە، دژی تەوافق قسە دەکەن و کاتێك جێگیر دەبن کار دەکەن بۆ ئەوەی تەوافق بکەن بە (موحاصصە) و بۆ زۆرترین کات بمێننەوە. ئەمە بە روونی لە ناو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەردەکەوێت، کە بریتین لە کەسانێك خۆیان بەوە پێشاندا کە دژی بەشبەشێنین، کەچی ئێستا خۆیان بەو پۆستانەوە بەستۆتەوە و دەیانەوێت پێکهاتەکانی عێراق لە سەریان بجەنگێت بۆ ئەوەی لەو پۆستانە بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەنابردنیان بۆ هێزە دەرەکییەکان. ئەمە بە شێوەیەکی سەرەکی ئیشکالیەتی بنیەوی لە ناو کورد و سوننە دەردەخات، چونکە شیعە بە شێنەیی خۆیان کاردەکەن و حکومەت ئێستا شیعەیە و پۆستە کاریگەرەکانی ناوچەکانیان دوورە لە ململانێ بە هۆی کەسانی نەشیاو لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار تووشی شڵەژان بوون، پێشتریش لە ژێر هەژموونی شیعە بۆ پارە نوقم ببوون، بۆیە هەموو لایەك ئێستا دەیەوێت نەمێنن. لە بەغدا چەندین لایەن ومەرجەع دژی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانن و بە هۆی شیعەکان دەیانەوێت زیاتر کۆنترۆڵی ئەو دەستەیە بکەن لە پێناوی دەستکەوتنی کاتێکی زیاتر بۆ حکومەتەکەی عەبادی، تاوەکو پەرلەمان کێشەکانی خۆی چارەدەکات، عەبادی دەستی واڵاتر دەبێت لە دانانی حکومەتێك بە ویستی حزبەکەی خۆی. سوننەکان سەرۆك پەرلەمانێکی بەهێزتریان دەوێت کە بتوانێت شەڕی سوننە بە پەرلەمان بکات، کوردیش هیچ تەماحی بەو موزووعە نییە. دیارە دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ بە هەمان پرۆسەدا بڕوات، بەڵام گرفت لەسەر سەرۆکایەتی کەمترە، چونکە سەرۆك زیاتر بە پێی ئەجیندای شیعە کار دەکات و جێگرە شیعەکەیشی زۆر بەهێز کاردەکات، بەڵام جێگرە سوننەکەی پەراوێز خراوە.

عەبادی لە ناو حکومەتەکەی کوردی پەراوێز خست و کوردەکانیش یەك دەنگ نەبوون بۆ بەرگری، چونکە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق لە حزبێك بوو، حزبەکانی دیکە حەزیان دەکرد ئەم حزبە لە بەغدا بوونی نەمێنێت و حزبی دەعوە-ش زۆر بە دیقەت کاردەکات بۆ پەراوێزخستنی پارتی لە بەغدا. شیعەکان بە تەوژمی جۆراوجۆر کاردەکەن، سوننەکانیش ئەگەری ئەوەیان هەیە بە لاینە توندڕەوەکانیان پەنابەرنەوە بەر تیرۆرکردن لە ناوچەکانی شیعە. کوردیش بۆتە دوو ئاراستە.

**● ئیشکالییەتی نوێنەرانی کورد لە بەغدا**

کورد کاتێك چوو بۆ بەغدا ئاواتێکی دیکەی هەبوو،

بەڵام جێبەجێ نەبوو، لەبەر یەك هۆكاری سەرەكی ئەویش لاوازیی رۆڵ و كەسایەتی نوێنەرانی كورد بوو لە بەغدا و ئەم لاوازی و پاشگرییە كە تاوەكو ئێستاش بەردەوامە، بۆ ناكۆكی و ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستان دەگەڕێتەوە، عەرەبیش لەم راستییە باش تێگەیشتووە، بۆیە هەمیشە یاری كردووە لەسەر ئەو تەوژمە و ئەو پارتە سیاسییە كوردییە نەتەوەخوازە و هەوڵی داوە عقوبەی بدات و ئەوانی دیكەش خەڵات بكات، هەندێك لە نوێنەرانی كورد هەمیشە لە بەر پێی بەرپرسەكانی عێراق كڕنۆشیان بردووە، بۆ ئەوەی ببن بە پشتیوان بۆ كوتلە و حزبەكانیان لە ململانێیەكانیان لەناو كوردستان، ئەم كڕنوش بردنەش قازانجی هەبووە بۆ هێزەكانی شیعە و باشتر لە كورد تێگەیشتوون و زیاتر كاریگەرییان دروست كرد لەسەر شەقامی كوردستان، تاوەكو گەیشتە ئەوەی خۆیان كەسان بپاڵێون بۆ پۆستەكان بەپێی ئەوەی بەباشی دەزانن. ئەو نوێنەرانەی كورد لە بەغدا لە نێوان خوسە خواردن و هەستی ئازاری بەردەوام بەو دۆخە و لە نێوان خۆبادان و خۆدەرخستن و كۆكردنەوەی پارە و سوپاس لەلایەن بەرپرسەكانیانەوە تووشی ونبوون بوون و هەرگیز نەیانتوانی یەكدەستی دروست بكەن، چونكە لە میانی یەكترشكاندنەوە رۆیشتن بۆ ئەوێ. هەڵبژاردنی دوایی ئەوەی دەرخست كاتێك حزبەكان هاوپەیمانی كوردستانیان هەڵوەشاندەوە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان رازی بوون بە یاسای هەڵبژاردن كە دژی بەرژەوەندی كوردستان بوو، كە رێژەی كوردی كەم دەكردەوە، بەڵام چونكە دەیانزانی رێژەی نەتەوەخوازەكانی كوردستانی پێ كەم دەبێتەوە پشتوانییان لێ كرد! سەرەڕای ئەوەش زۆر كار كرا بۆ ئەوەی كورد یەك بخرێتەوە و پۆست و مەكانەتیش درا بە چەند لایەنێك بۆ ئەوەی تێبگات و بەشداری بكات راستەوخۆ لەو مەشهەدە ئاڵۆزە، بەڵام سوودی نەبوو، تەنیا دەست راكێشانی بەرپرسە عەرەبەكان نەبێت، بە هۆی ئەو نوێنەرانە بۆ ئەوەی بەشداری بكەن لە ململانێی ناوخۆیی كوردستان و خۆیان وەك نابژیوان لە نێوان كوردەكان نمایش بكەن، هەندێكیشیان داوایان لە چەند بەرپرسێكی عەرەب كرد، هەرەشە بكەن لە سەرۆكی كوردستان و قسە بكەن لەسەر پرسی ناوخۆی هەرێمی كوردستان.

**● ئیشكالییەتی رۆڵی نەتەوەیی كورد لەبەغدا**

رۆڵی نەتەوەیی كورد لەبەغدا هەمیشە و تاوەكو ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ هێزی دامەزراوەیی هەرێمی كوردستان، هێزی سەرۆكایەتی كوردستان، هێزی پێشمەرگەی كوردستان، هێزە ئەمنییەكانی كوردستان و میللەتی كۆڵنەدەری كوردستان و هێزی لە بن نەهاتووی كورد، ئەمەش رۆڵی كورد لە بەغدا دیاری دەكات و هەمیشە بۆ هەموو پرسەكان هەر دامەزراوەكانی كوردستان پرسە نیشتمانییەكانی كوردستانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەر كردووە، هێزی پێشمەرگە چەندین جار چەكی دایە شان و بەغدای ناچار كرد زوڵم لە كوردستان نەكات، هەندێ نوێنەریش هەر ئاگای لێنەبوو، تەنانەت هەندێكیان داوایان دەكرد هێزی پێشمەرگە هەڵبوەشێندرێتەوە وچەكی پێنەدرێ، بەبیانوی ئەوەی سەر بە حزبەكانن! ئەگەر چاوكی هێز و رۆڵی كوردستان لە ناو كوردستان بێت، ئیتر بۆچی لە بەغدا ململانێ بكەین بۆ چەند بەناو نوێنەرێك تاوەكو پۆست وەربگرن؟

**● بەهێز كردنی كوردستان نەوەك بەغدا**

كورد رقی لە بەغدا نییە وحەزیش ناكات بەغدا غەرقی ئاژاوە ببێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بوونی نوێنەرانی كورد هیچ سوودیان نابێت، ئەگەر كوردستان خۆی بەهێز نەبێت. سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، ئەو دامەزراوە نیشتمانییە كوردستانییە لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بوونەتە قەڵغانی بەرگری سیاسی بۆ كوردستان بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی قارەمان. ئەمەش دەبێ بنەمایەكی یاسایی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی هەر كوردێك لە بەغدا و لە هەر پۆستێك كار دەكات، دەبێ ببەسترێتەوە بە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی چیتر ئەم پێسەروبەرییە نەمێنێت، دەنا كاتێك كورد بەئاگادێتەوە كە هەموو پرسەكان تووشی ئاڵۆزییەكی زۆرتر بووە و دەبێ قوربانییەكی زۆریش بدرێت بۆ ئەوەی دۆخەكە چاك بكرێتەوە.

كوردان نابێت وەك سوننە و شیعە بیر بكەنەوە. ئەوان پشتیوانی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە، بەڵام كورد لە خۆی زیاتر كەسی نییە، بۆیە ناكرێت تەنیا لە كاتی مەترسی و جەنگدا كە پەنجە دەنێتە قورگیان، ئینجا بڵێن: ئێمە یەك دەستین، بەڵكو دەبێ هەمیشە یەكڕیز و وریا بن.

**● ئەنجام:**

عێراق بەرەو قۆناغێكی دیكە دەڕوات و رۆڵی هەرێمی روونتر لە ناو هەرێمەكانی عێراق دەردەكەون. كەنداو لە ناو ناوچە سوننەكان وەبەرهێنانی توانستی سەربازی و ئابووری خۆیان دەكەن، ئێرانیش ئامادەگییەكی زیاتر لە عێراق دەنوێنێت، بۆیە ئەرك لە بەردەم كوردستان هەستیارتر دەبێت، تاوەكو ئەو كاتەی كوردستان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئامادەكردنی هێزەكانی بۆ قۆناغێكی نوێ هەنگاو بنێت.

---

*** مامۆستا لە زانكۆی سلێمانی بەشی زانستە رامیارییەكان**

**عەبادی و هێزە شیعیەكان لە ژێر ناونیشانی چاكسازی، خۆیان رێكدەخەنەوە و لە میانی ئەم هەوڵەش ناكۆكییان تێ كەوتووە، بەڵام زۆر بە خێرایی خۆیان كۆدەكەنەوە. گرنگترین ئەنجامی كارەكانیان ئەوەیە ناوچەكانیان تا رادەیەك لە ململانێ دوور خستۆتەوە و بەرپرسیارێتییان لەسەر خۆیان لابردووە**

**عێراق بەپێی بنەمای سیاسەتی توانەوە و ئیحتواكردن جگە لە پارە و داهات و خاك و كەلتوور و مێژوو، ئاوات و خەونی كورد و بەشێك لە داهاتووشمانی بردووە، بۆیە دەبێ هیچیان لەبیر نەكەین و هەموویان بگەڕێنینەوە**

**شیكردنەوەی خێرا لە بونیادی هزری سیاسیی لایەنە سیاسییەكانی عێراق مجووركەیەك لە ناو جستەمان دروست دەكات و زللەیەكی بەئاگاكردنەوەمان لێ دەدات و هانمان دەدات بۆ بیركردنەوە لە پرسی كوردستان بۆ ئەوەی خێراتر لەوەی كار دەكرێت، كار بكەین**